باکۆنین

# مارکسیزم

# ئازادی

# &

# دەوڵەت

٢٠٢٥

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: زاهیر باهیر

ناوی پەرتووک: مارکسیزم، ئازادی و دەوڵەت

نوسینی:  میخایل باکۆنین

وەرگێڕ: زاهیر باهیر

دیزاین و ئامادەکردنی: شاخەوان عەلی

ساڵی چاپ: ٢٠٢٥

چاپکردن: چاپخانەی بینایی

شوێنی چاپ: سلێمانی

ژمارەی سپاردن: (                    )

تیراژ: ٣٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠

# سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی بێ پایانی هاوڕێی ئازیزم هاوڕێ شاخەوان عەلی دەکەم کە بە ئەرکی پێداچوونەوە و دیزاینکردنی نامیلکەکە هەستا.

هاوکاری و یارمەتی ئەو ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبوو لە دەرکردنی نامیلکەکەدا کە مایەی پێزانین و ستایشکردنە.

زاهیر باهیر

تەموزی ٢٠٢٥

**لە نێوان مارکسییەکان و ئێمەدا، کۆتاییەك هەیە. ئەوان حکومەتخوازن، ئێمە بە مانای تەواوی وشە ئەنارکستین.**

**(باکۆنین)**

حاشـــاهەڵنەگرە کە ئانارشـــیســـتەکان هەر جۆرێکی فەرمانداری و پەیوەندی هیرارشـــیانە رەتدەکەنەوە، چونکە لە بنەمادا لایانوایە کە لە وەها دۆخێکدا ئاستەنگ بۆ دووانەی گرێدراوی (ئازادی و یەکسانی)ی درووست دەبێت. لە هەمان کاتدا ئەو شـــێوازە فەرمانداریە بۆ خۆی مەکینەی بەرهەمهێنانەوەی چینایەتییە. لەم رووەوە ئانارشیزم بە رادەیەک روونە کە هیچ گفتوگۆیەک هەڵناگرێت، وەلێ نزیکەی سەدەو نیوێکە تێڕوانینی مارکسیستەکان و خودی مارکســیش لەم رووەوە گفتوگۆ دەکرێت.. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە سـەدان حیزب هەن و تەنانەت دەوڵەتیش خەملیوە کە خودی کارڵ مارکسیان بە ئیلهامبەخشـی سـەرەکی و رابەری فکری خۆیان داناوە، ئەمە نەک هەر بە بەرچاوی ئێمەوە، بەڵکو لەســـەروەختی مارکس خۆی و بە بەرچاوی خودی خۆیەوە، کە لەم رووەوە نەک دژایەتی نەکردوون، بەڵکو کۆمەکێکی گەورەی مەعنەوی پێکردوون.

هیچ ســـەیر نییە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە، بەڵگەگەلێکی زۆرمان دەســـت بکەوێت، کە تیایدا مارکس دژ بە حیزب و دەوڵەت جەختی کردۆتەوە، چونکە مارکســیش وەک هەر بیریارێکی تر لە گەشـــەکردن و وەچەرخان و

هەڵبەزودابەزی فکریدا بووە، جار ناجارێ نەغمەیەکی خۆشــئاوازە لەتەک ئانارشیزمدا، لەو وەختانەشدا پێکەوە دەکەونە سەنگەرێکی شۆڕشگێڕانە بۆ گەنگەشەکردنی چۆنێتی گەیشتن بە سۆسیالیزم.. وەلێ ئەمە درێژە ناخایەنێت و ئەم دوو ڕەوتە هەر یەکەیان بە ئاراستەی جیاوازدا پەرت دەبن.

ئاراســتەی مارکس بەرەو دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و خەباتی سیاسی و سازش لەگەڵ حیزبایەتی و پارلەمانتاریزمدا لە قوچکەوە هەنگاو دەنێت و ئاراستەی ئانارشیزم بەرەو فیدراسیۆنی کۆمەڵایەتی و خۆڕێکخستنی ئاسۆیی و خۆبەڕێوەبەری ئازاد و یەکسانی خەڵکی لە بنکەوە.

مارکسی ناو نامیلکەی (شۆڕشی فەرەنسی) و مارکسی (مانیفێستی کۆمۆنیستی)یەک مارکس نین، یەکەمیان تا رادەی باکۆنین ئانارشیتە و دووهەمیان تا رادەی بسمارک سوڵتەویە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەگەر مانیفێست هی مارکسیش نەبێت، بەڵام خۆ لاریی نەبووە لەوەی بە ناوی ئەوەوە بڵاو ببێتەوە.

لە ئینەرناسیۆنالی یەکەمەوە و بە یەکجاری لە کۆنگرەی حەوتەم، کە بە کۆنگرەی لاهای ناسراوە، بە تەواوەتی دەرگای خەباتی پێکەوەیی بە رووی ئانارشیستەکاندا داخرا، لە کاتێکدا تەنها دەیانویست ئەو پەیامە بگەیەنن کە(هەر جۆرێکی فەرمانداری- دەوڵەت، حیزب، رێکخراوی بان خەڵکی و پەیوەندی هیرارشیانە و سەپاندنی قوچکەیی) چینایەتیە.

راســـتییەکی حـاشـــاهەڵنەگرە کە چینـایەتی و بۆرژوازیەت و کـاری کرێگرتە و چەوساندنەوە و ملکەچی، دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت، پێدەچێت کارڵ مارکس لەم رووەوە تا رادەی زۆر هاوڕا بێت، بەڵام ســـەیر لەوەدایە کە یادی ئەوەی نەبووبێت کە دەوڵەت بۆ پایەداری و ســـوڕی ژیانی خۆی پێویســـتی بە بەرهەمهێنانەوەی هەموو ئەوانە بێت.

هەڵەی گەورەی مەنهەجی ئەوەیە مرۆڤ لە یەک کـاتـدا بـاوەڕی بە فەرمانداری و حیزب و دەوڵەت و سەروەری سیاسی و رێکخراوەیی قوچکەیی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا لایوابێت دژی چینایەتی خەبات دەکات.. لە راستیدا فەرمانداریی دەوڵەتی نەک هەر چینایەتی بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵکو کۆیلایەتیش زینـدوو رادەگرێـت، (کۆیلایەتی دەتوانێـت فۆرمەکەی و نـاوەکەی بـگـۆڕێــت، بەڵام بـنـەمــاکەی وەك خـۆی دەمـێـنـێـتەوە. ئەم بنەمایانەش بەم وشـــانە دەربڕدراون: کۆیلەبوون ناچارکردنە بەکارکردن بۆ کەســـانی دیکە- وەك کەســـانی ســـەروەر و باڵادەســـت کە لە ژیانیاندا لەســـەر کاری مرۆڤەکانی دیکە دەژین. لە سەردەمی کۆندا، وەك ئەمڕۆ لە ئاسیا و ئەفریقا، بە ســـادەیی بە کۆیلە ناودەبرا. لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا ناوی "خزمەتکار"یان پێداون، ئەمڕۆ پێیان دەوترێت "مووچەخۆر" کە زیـاتر کۆیلەن بەڵام زۆر یـا کەم بەهۆی برســـێتی و هەروەها لەلایەن دامەزراوە سـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانەوە ناچار کراون

کە بە کاری زۆر قورس بە ڕەهایی یان ڕێژەیی، تەمەڵیی ئەوانی دیکە بپارێزن..)

ئەڵبەت مارکسیستەکان باس لە فۆرمێکی تری دەوڵەت دەکەن، لایانوایە ئەگەر هەرەمی دەوڵەت لەسەر جیاوگی ئابووری دانەمەزرابێت، ناتوانێت چینایەتی بەرهەم بهێنێت، بێ ئاگا لەوەی هەرەمیەتی فەرمانداری هەرگیز بەبێ هێزی ئابووری لە چەشنی جیاواز ناتوانێت ببێت.

لە دووای تێپەڕبوونی سەدە و نیوێک، ئەگەر ئێمەومانان هەر شتێک بڵێین لەسەر ناکۆکییەکانی ئانارشیزم و مارکسیزم دەربارەی فەرمانداری (سوڵتە) رەنگە بێ ئیعتیبار دەربکەوێت، خوێنەریش مافی خۆیەتی بە گومانەوە لە شارەزایی ئێمە بۆ ئەو مێژووە بڕوانێت، لایوابێت کە رای ئێمە دەربارەی سوڵتەویەتی کارڵ مارکس وەک کێشەیەک لە خەباتی چینایەتیدا لە بێئاگاییمانەوەیە.. بەڵام ئەی چی دەربارەی ئەم کتێبە؟ کە هی خودی باکۆنینە و یەک لە نزیکترین هاوڕێ و هاوشان و هاوخەباتی کارڵ مارکس بووە و بە گەورەترین بیریاری ئانارشیستی سەروەختی مارکس دادەنرێت.

جەختی رادیکاڵانەی میخایل باکۆنین لەسەر رەتکردنەوەی رابەرایەتی و هیرارشیەتی رێکخراوەیی، دەوڵەت و حیزب وەک فۆرمگەلی چینایەتی، بوو بە هۆی ئەوەی لەلایەن کارڵ مارکس و هەندێک لە شاگردەکانییەوە بۆ هەمیشە لە ئینتەرناسیۆنال دوور بخرێتەوە، هەر لەوێشەوە ئیتر بە بێ سەرئێشەیەکی ئەوتۆ، بابەتی حکومەتی پرۆلیتاری و سازش بۆ حیزب و هەرەمیەتی کاری

سیاسی دەستی پێکرد تا گەیشتە بەرپاکردنی حیزبی مارکسی وەک ئەوەی کە (ئەوگست بیبەل و ویلەهێلم لیبکنێخت) پێیهەستان لەبەر رۆشنایی ئامۆژگارینامەکانی مارکس و دواجار رێکەوتنی ئەم باڵە مارکسییە لەگەڵ حیزبە بۆرژوازەکاندا لەسەر دەستی فێردیناند لاسال بە سۆسیال دیموکراتەکان گەیشت. ئەمەش ئەو دەرئەنجامە بوو کە باکۆنین و هەر ئانارشیستێکی دی پێشبینی دەکرد. چونکە لە بنەڕەتڕا ئانارشیستەکان باوەڕیان وایە (**هیچ شتێك لە خووی فەرمانکردن مەترسیدارتر نییە بۆ ئەخلاقی تایبەتی مرۆڤ . باشترین مرۆڤ، زیرەکترین، نابەرژەوەنیخواز، بەخشندە، پاك، بێ هەڵە، هەمیشە لەم پیشەیەدا تێکدەچێت و دەگۆڕێت. دوو هەستی سروشتی دەسەڵات هەرگیز شکست ناهێنن لە بەرهەمهێنانی ئەم بێ مۆراڵکردنەدا؛ ئەوانیش بریتین لە: سووکایەتیکردن بە جەماوەر و زیادەڕۆیی لە تواناى خودی مرۆڤەکە خۆیدا**).

وەرگێڕانی ئەم نامیلکەیە، بەشێکە لەو هەوڵانەی هاوڕێ (زاهیر باهیر) بۆ نیشاندانی ئەو خەرەندەی کە لە نێوان مارکسیستەکان و ئانارشیستەکاندا هەیە، ئەمەش هەم نرخێکی مێژوویی هەیە، هەم نرخێکی مەعریفی هەنووکەیی، کە دەکرێت جێگەی مشتومڕی بابەتیش بن، لە هەمووی گرنگتر دەتوانێت دەمامکی هەندێک لەو مارکسیستانە بخات کە ئەگەر پێویست بکات بانگەشەی نافەرمانخوازی دەکەن و لەو رێگەیەوە نیازیان بە

ئیحتیواکردنی ئانارشـــیســـتەکان هەیە، هێنانە ســـەرەوەی ئەم بابەتانە لە ناو مێژووەوە، راســتییەکان زیاتر دەچەســپێنێت، ئەوەمان بۆ رۆشــن دەکاتەوە کە چۆن بێرە گەیشتووین.

شاخەوان عەلی

تەموزی ٢٠٢٥

# یەك: ناساندن

ئەم کتێبە ڕوونکردنەوەی باکونینە سەبارەت بە جیاوازی نێوان خۆی و کارل مارکس کە لە کۆتاییەکانی 1860 و سەرەتای 1870دا ڕوویدا و بووە هۆی جیابوونەوەیان. باکۆنین وایدەبینی کە جیابونەوەیان لە تێڕوانینە جیاوازەکانەوەیە سەبارەت بە ئەرکی دەوڵەت لە بەرنامەی سۆسیالیستیدا.

بە تایبەتی باکۆنین پێیوابوو کە نێونەتەوەیی مەیلی زۆری قبوڵکردنی چەمکی دەوڵەتی هەیە، ئەو دەوڵەتی وەك دامەزراوەیەکی مەترسیدار و نامرۆڤانە سەیر دەکرد، لەو بارەوە نووسیویەتی دەوڵەت "نادادپەروەری و دڕندەیی بەسەر هەموو ڕەعیەتەکانیدا وەك ئەرکێکی باڵا دەسەپێنێت. پابەندیان دەکات و دەیانبەستێتەوە، دەیانشێوێنێت، مرۆڤایەتی لەناخیاندا دەکوژێت، بەجۆرێك کە لە مرۆڤبوون دەریان دەکات کە چیتر هیچ نین جگە لە هاوڵاتییان”

باکونین لە وتارگەلێکدا کە تێیاندا بە وردی باس لە ناکۆکییەکانی خۆی و مارکس لە نێوانی ساڵانی 1870 -1872 پێش وەدەرنانی لە نێونەتەوەیی دەکات. وتارەکانی دیکەی سەبارەت بە ڕزگاریی و تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەوڵەت کە لە وتاری (فیدراڵیزم، سۆسیالیزم و دژە لاهووتگەرایی) وەرگیراون، لە ساڵی 1867 لام.کاف کەینێفیك، ( K.J. Kenafick ) کە ئوسترالییەکی سەرنوسەر و وەرگێڕ بووە، ئەم بەرهەمانەی لە ساڵی 1950دا کۆکردۆتەوە و کردونی بە کتێبێك بەناوی (مارکسیزم، ئازادیی، دەوڵەت).

........................

من به پەرۆشــــەوه بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێم و هەر ئاوا کەمتریش دوژمنی سۆزداری خەیاڵاوی زۆر خراپ و زیانبەخش نیم که له لایەن "پارتی نیزام"[1] ەوه بەکارهاتووه که نوێنەرانی فەرمی هەموو چەواشـــەکارییەکانن، لەوانه: ئایینیی، میتافیزیکیی، سیاسیی، دادوەریی، ئابووریی، و کۆمەڵایەتیی، له ئێستا و ڕابردوودا له مامەڵەی دڕندانه و کۆیلەکردنی جیهاندا. من عاشقیکی سـەرەڕۆی ئازادیم، واتەماشــای دەکەم که تاکه ناوەندێکه، ژینگەیەکه که تێیدا بتوانێت گەشــــه به زیرەکی و کەرامەت و بەختەوەری مرۆڤ بدات، نەك "ئــازادی"ی فەرمی مۆڵەتپێـدراو که له لایەن دەوڵەتەوه پێوانه کراوه و ڕێکخراوه، نوێنەرایەتییەکی درۆزنـانەیه و نوێنەرایەتی ئیمتیـازاتی (جیاوگ) چەند کەسێك دەکات که لەسـەر کۆیلایەتی هەموو کەسێکی تر وەستاون. ئەوه ئازادیی تاك نییه، خۆپەرســتیه، زەبوونییه، پەرەپێدانی وەهمێکه که قوتابخانەی ڕۆسۆ و هەموو قوتابخانەکانی تری لیبرالیزمی بۆرژوازی بایاخی پێدەدەن، که مافەکانی تاك به سنووردارکراوی مافەکانی دەوڵەت دەزانێت و له کۆتایشـدا به زەروورە مافەکانی تاك کەم دەکاتەوه و دەیهێنێته سەر سفر.

نەخێر، مەبەســتم تاکه ئازادییەکه که بەڕاســتی شــایســتەی ناوەکەیەتی، ئەو ئــازادییەی له گەشــــەپێـدانی تەواوی هەموو ئەو هێزه مــاددی و فیکری و ئەخلاقییانەی که وەك توانای شاراوه له هەموو کەسێکدا دەدۆزرێتەوه پێکدێت،

---

[1] لەم بڕگەیەدا " پارتی نیزام" وەك نوێنەرایەتی حیزبی دەســەڵاتدار یان نوخبەی دەســەڵاتداری دامەزراو وێنا کراوه.

ئەو ئازادییەی کە دان بە هیچ سنووردارکردنێکی دیکەدا نانێت جگە لە ئەوانەی کە بە یاساکانی سروشتی خۆمان دوایان دەکەوین؛ لەبەرئەوە بە مانای وشە دەڵێین هیچ سنووردارکردنێك نییە، کەواتە بە مانای وشە لە کاتێکدا کە ئەم یاسایانە لەلایەن هەندێك یاسادانەرانی دەرەوە بەسەرماندا نەسەپێنراوە، لە ئەملاولامانەوە لە سەرومانەوە بەسەرماندا نەسەپێنراون؛ ئەو یاسایانە لە ئێمەدا جێگیرن، سروشتیین، بنەمای بوونمان پێکدەهێنن، ماددی و هەروەها فیکری و ئەخلاقین، بۆیە لەبری ئەوەی سنوورێکیان بۆ دابنێین، دەبێت وەك مەرجی ڕاستەقینە و هۆکاری کاریگەر بۆ ئازادیمان لەبەرچاویان بگرین.

مەبەستم لە ئازادیی هەر تاکێکە کە دوورە لە بەربەستکردنی سنوری ئازادیی ئەوانی تر، لەوێدا پشتڕاستکردنەوەی خۆی و درێژبوونەوەی بۆ بێ کۆتایی دەدۆزێتەوە، بۆ ئازادیی بێ سنووری هەریەکەیان لە ڕێگەی ئازادیی هەموانەوە، ئازادیی بە هاوپشتی و هاودەنگی یەکدی، ئازادیی لە یەکسانیدا، ئازادیی سەرکەوتن بەسەر هێزی دڕندە و بنەمای دەسەڵات کە هەرگیز هیچ نەبوو جگە لە دەربڕینی ئایدیالیزەکراوی ئەو هێزە، ئازادیی دوای ئەوەی هەموو بتە ئاسمانی و زەمینییەکانی دەڕووخێنێت، دۆزینەوەی جیهانێکی نوێ، جیهانێکی هاوپشتی مرۆڤایەتی لەسەر وێرانبوونی هەموو کەنیسەکان و هەموو دەوڵەتەکان ڕێکدەخات.

من داکۆکیکار و لایەنگرێکی قەناعەتپێکراوی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتیم، چونکە دەزانم، بەبێ ئەو یەکسانییە و ئازادیی و دادپەروەریی و کەرامەتی مرۆڤ و ئەخلاق و خۆشگوزەرانی تاکەکان و هەروەها خۆشگوزەرانی گەلان ، جگە لە درۆگەلێکی زۆر هیچی تر نیین. بەڵام وەك

بەرگریکەر و لایەنگرێك لە هەموو بارودۆخێکی ئازادیدا، ئەو مەرجە یەکەمەی مرۆڤایەتی، پێموایە ئازادی دەبێت خۆی لە جیهاندا بە ڕێکخستنی خۆبەخۆی کار و خاوەندارێتی بەکۆمەڵ لەلایەن کۆمەڵە بەرهەمهێنەرەکانەوە کە بە ئازادیی لە ناوچەکاندا ڕێکخراو و فیدراڵی کراوە و بە هەمان شێوە لەلایەن فیدراسیۆنی خۆبەخۆوە، خۆی لە ناوچەکاندا جێگیر بکات، بەڵام نەك بە کردەوەی باڵا و سەرپەرشتیاریی دەوڵەت.
لێرەدا خاڵێك هەیە کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان یان کۆلێکتیڤیستەکان لە کۆمۆنیستە پاوانخوازەکان/ دەسەڵاتخوازەکان جیا دەکاتەوە، ئەوان لایەنگری ڕەهای دەستپێشخەری دەوڵەتن. ئامانجیان هەمان شتە، هەر لایەنێك بە یەکسانی ئارەزووی دروستکردنی نەزمێکی کۆمەلایەتی نوێ دەکات کە تەنیا لەسەر ڕێکخستنی کاری دەستەجەمعی دامەزراوە، کە بە ناچاری و حەتمی بە خودی هێزی شتەکان بەسەر هەر کەسێك و هەموو کەسێکدا سەپێنراوە، هەلومەرجی ئابووری یەکسان بۆ هەمووان و دەستبەسەراگرتنی بەکۆمەڵ بەسەر ئامرازەکانی کاردا. تەنیا کۆمۆنیستەکانن خەیاڵ دەکەن کە بە پەرەپێدان و ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار و بە شێوەیەکی بنەڕەتی پرۆلیتاریای شارەکان، بە یارمەتی ڕادیکالێتی بۆرژوازی، دەتوانن بگەنە ئەوێ، لە کاتێکدا سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، دوژمنی هەموو پێکهاتە و هاوپەیمانییە گومان لێکراوەکانن، بە پێچەوانەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە ناتوانن بگەنە ئەم ئامانجە جگە لە پەرەپێدان و ڕێکخستن، نەك لەسەر ئاستی سیاسی بەڵکو لەسەر ئاستی دەسەلاتی کۆمەلایەتی و هەر ئاواش دژە دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن جەماوەری زەحمەتکێشی شار و وڵات بە هەمان شێوە، لەناو ئەوانەشدا کەسانی لایەنگری چینی سەروەرن، کە بە

تەواوی لە ڕابردوویان دەبچڕێن و ئارەزووومەندن پەیوەندی و بەشداری بکەن و تەواوی بەرنامەکەیان قبوڵ بکەن.
هەر لێرەوە دوو شێوازی جیاواز هەیە؛ کۆمۆنیستەکان پێیان وایە دەبێ هێزی کرێکار بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت ڕێکبخەن.
سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان بە ئامانجی تێکشکانی، یاخود ئەگەر وشەیەکی بە ئەدەبترتان پێ باشترە، پاکتاوکردنی (تەسفیەکردنی) دەوڵەت هەوڵدەدەن.
کۆمۆنیستەکان هەڵگری پرەنسیپ و پراکتیکی دەسەڵاتن، سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان تەنها متمانەیان بە ئازادیی هەیە. هەردوولایان یەکسانیانە لایەنگری ئەو زانستەن کە دەبێت جێگەی پووچگەرایی و مەزهەب بگرێتەوە، یەکەمیان ئارەزووی سەپاندنی دەکات، ئەمەی دووەمیان خۆیان بە پاگەندە و بانگەشە هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵێك مرۆڤ بە قەناعەتەوە خۆیان ڕێکبخەن و بە شێوەیەکی خۆڕسکانە و ئازادانە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بە بزووتنەوەی خۆیان و بە شێوەیەکی گونجاو خۆیان لە یەکێتییەکدا ( فیدراسیۆین) لە بنەوە بۆ سەرەوە ڕێکبخەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانیاندا دێتەوە، بەڵام هەرگیز دوای پلانێك نەکەون کە پێشوەخت لەلایەن هەندێك ڕۆشنبیری باڵاوە بەسەر "جەماوەری نەزان"دا سەپێنراوە پلانی بۆ دانراوە.

سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان پێیان وایە کە هەست و ڕۆحی پراکتیکی لە خواستە غەریزەییەکان و لە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی جەماوەری خەڵکدا زۆر زیاتر لە عەقڵی قووڵی هەموو پیاوانی فێربوو و وانەبێژی مرۆڤایەتی، کە دوای ئەوەندە هەوڵدان شکستیان هێناوە بۆ ئەوەی ڕووبدات، کەچی هێشتا هەر هەوڵی خۆیان زیاتر دەکەن. سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان بە پێچەوانەوە پێیان وایە کە ڕەگەزی مرۆڤ و ژیانی ئەوەندە درێژخایەن بووە، زۆر درێژ ، کە

حوکم بکرێت و خۆی خۆی بەڕیوە نەبات. سەرچاوەی بەدبەختیەکانی مرۆڤ لە فلان فۆرمی حکومەتدا نییە بەڵکو لە پرنسپدا و حەقیقەتی خودی حکومەتدایە ئیدی هەر جۆرێکیان بێت. لە کۆتاییدا حکومەت بووەتە دژایەتیەکی مێژوویی، ناکۆکییەك کە لە نێوان ئەو کۆمۆنیزمەدا هەیە کە لە ڕووی زانستییەوە لەلایەن قوتابخانەی ئەڵمانییەوە پەرەی پێدراوە و بەشێکیشی لەلایەن سۆسیالیستی ئەمریکی و ئینگلیزییەوە قبوڵ کراوە لە لایەک و پرۆدۆنیزم[ ئاماژەدانە بە جۆزیف پرۆدۆن- وەرگێڕ] تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەندووە و بردویانە بەرەو دوا دەرئەنجامەکانی، لە لایەکی دیکەوە کە لەلایەن پرۆلیتاریای وڵاتانی لاتینیشەوە قبوڵکراوە. هەر ئاوا بەو شێوەیە پەسەند کراوە، زیاتریش لەلایەن هەستی دژە سیاسیی گەلانی سلاڤەوە قبوڵ دەکرێت.

## دوو: ئایدۆلۆژیای مارکسیستی

قوتابخانەی عەقیدەی (دۆکتەرین) ی سۆسیالیستەکان، یاخود ڕاستتر کۆمۆنیستە دەسەڵاتخوازەکانی ئەڵمانی، کەمێك پێش ساڵی 1848 دامەزراوە و، دەبێت دانی پێدابنرێت کە خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەش بە دۆزی پرۆلیتاریا نەك تەنیا لە ئەڵمانیا، بەڵکو لە ئەوروپاشدا کردووە. بنەڕەتی بیرۆکەی گەورەی "کۆمەڵەی کرێکارانی نێونەتەوەیی" بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە و هەروەها دەستپێشخەری پێزانینی ئەم ئامانجە بۆ یەکەمجار تا ئەمڕۆش فەزڵەکەی بۆ بیرۆکە و مێشکی پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکرات لە ئەڵمانیادا دەگەڕێتەوە کە ئۆرگانی ئەوان بۆ بڵاوکردنەوەی هزر و ئامانجیان ڕۆژنامەی " ڤۆلکستات" [دەوڵەتی گەل] بوو.

لەبەر ئەوە قوتابخانەیەکی تەواو ڕێزدارە، کە هەندێك جار ڕێگری ناکات لە پیشاندانی مەیلی زۆر خراپ و لە سەرووی هەمووشیانەوە لە وەرگرتنی بنەماکانی تیۆرییەکانییدا، پرنسیپێك کە بە قووڵی ڕاستە کاتێك مرۆڤ لە بەرچاو ڕۆشنی خۆیدا ڕۆشنایی دەخاتەسەر، واتە دەکرێت بڵێین لە ڕوانگەی ڕێژەییەوە، بەڵام کە کاتێك پێشبینی دەکرێت و بە شێوەیەکی ڕەها وەك تاکە بناغە و سەرچاوەی یەکەمی هەموو بنەماکانی دیکە دادەنرێت، وەك ئەوەی ئەم قوتابخانەیە دەیکات، بە تەواوی هەڵەیە.

ئەم پرنسیپڵە کە بنەمای جەوهەری سۆسیالیزمی زانستی پێکدەهێنێت، بۆ یەکەمجار لەلایەن کارل مارکس، سەرکردەی سەرەکی قوتابخانەی کۆمۆنیستی ئەڵمانی، بە شێوەیەکی زانستی داڕێژراوە و پەرەی پێدراوە. بیری باڵادەستی "مانیفێستی کۆمۆنیستی" بەناوبانگ پێکدەهێنێت کە کۆمیتەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستەکانی فەرەنسی، ئینگلیزی، بەلجیکی و ئەڵمانی لە کۆبوونەوەی لەندن لە ساڵی 1848دا لە ژێر دروشمی: "پرۆلیتاریاکانی هەموو سەرزەوی یەکبگرن "! ئەم مانیفێستە کە وەك هەمووان دەزانن، لەلایەن بەڕێزان مارکس و ئەنگڵسەوە داڕێژرا بوو، بووە بنەمای زیاتری هەموو بەرهەمە زانستییەکانی قوتابخانەکە و ئەو وروژاندنە جەماوەرییەی کە دواتر لەلایەن فێردیناند لاساڵەوە لە ئەڵمانیا دەستپێیکرد.

ئەم بنەمایە بە ڕەهایی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو بنەمایەی کە ئایدیالیستەکانی هەموو قوتابخانەکان دانیان پێدا ناوە. لە کاتێکدا کە ئەمانەی دوایی هەموو ڕاستییە مێژووییەکان بە گەشەسەندنی بەرژەوەندییە مادییەکان و قۆناغە جیاوازەکانی ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگە، لە گەشەسەندنی بیرۆکەکانەوە وەردەگرن. بەپێچەوانەوە کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا دەیانەوێت لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا، لە زۆربەی دەرکەوتنە ئایدیالیستەکانی ژیانی بەکۆمەڵ و ژیانی تاکەکەسی لە مرۆڤایەتی، لە هەموو ئەو پێشکەوتنە فیکری، ئەخلاقی، ئایینی، میتافیزیکی، زانستی، هونەریی، سیاسی، یاسایی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کە لە ڕابردوودا بەرهەم هێنراون و لە ئێستاشدا بەردەوامن لە بەرهەمهێناندا، هیچی تر نیین جگە لە ڕەنگدانەوەی یان کاریگەریە پاشکۆیە پێویستەکانی گەشەسەندنی ڕاستیە ئابوورییەکان. لە کاتێکدا ئایدیالیستەکان پێیان وایە

بیرۆکەکان زاڵن و ڕاستیەکان بەرهەم دەهێنن، کۆمۆنیستەکانیش بە ڕێککەوتن لەگەڵ ماتریالیزمی زانستی، بە پێچەوانەوە دەڵێن ڕاستییەکان بیرۆکە ئافریندە دەکەن و بیرۆکەش هەرگیز هیچی تر نین جگە لە دەربڕینی ئایدیاڵی ڕاستییە بەدیهاتووەکان و ئەوەی لە نێوان هەموو ڕاستیەکان، ڕاستیە ئابووری و مادیەکان، ڕاستیە پێشوەختەکان، بنەمای جەوهەری پێکدەهێنن، کە بناغە سەرەکییەکەی هەموو ڕاستیەکانی دیکە، فیکری و ئەخلاقی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە وەرگیراوە حەتمیەکان زیاتر نین.

ئێمە کە ماتریالیست و دیتەرمینیستین، ئەوەندەی خودی مارکس، ئێمەش بەیەکەوەگرێدانی حەتمی ڕاستیە ئابووری و سیاسییەکانیش لە مێژوودا دەناسین. ئێمە بەڕاستی بە زەرووره سیمای حەتمی هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن دەناسین، بەڵام بێباکانە لە بەردەمیاندا کڕنوش نابەین و لە سەرووی هەمووشیانەوە زۆر وریاین لە ستایشکردنیان، کاتێک بە سروشتی خۆیان، خۆیان لە دژایەتییەکی ئاشکرادا لەگەڵ کۆتایی باڵایی مێژوودا نیشان دەدەن بۆ ئەو ئایدیاڵە تەواو مرۆییەی کە بڕیارە لە ژێر فۆرمەکانی کەم تا زۆر ئاشکرادا، لە غەریزەکاندا، ئارەزوو و ئاواتەکانی خەڵک و لە پەنای هەموو هێما ئاینییەکانی هەموو سەردەمەکاندا بدۆزنەوە، چونکە لە ڕەگەزی مرۆڤدا بۆ ماوەیی و سروشتییە، کۆمەڵایەتیترینە لە هەموو ڕەگەزەکانی ئاژەڵەکانی سەر زەوی. بەم شێوەیە ئەم ئایدیاڵە کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی ڕابوردوو باشتر لێیتێدەگەین، دەتوانرێت لەم وشانەدا کورت بکرێتەوە: سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە، فەتحکردنە و بەدیهێنانی ئازادیی تەواو و گەشەسەندنی تەواوی ماددی و فیکری و ئەخلاقی هەموو تاکێکە لە ڕێگای ڕەهایی ئازادیی و ڕێکخستنی

خۆڕسکیی لە هاوپشتی تەواوی ئابوریانە و کۆمەڵایەتیانە، باشترین شێوازە بۆ ژیانی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی.

هەموو شـــتێك لە مێژوودا کە لەگەڵ ئەم ئـامـانجەدا دەگونجێت لە ڕوانگەی مرۆڤەوە- کە ناتوانین هیچ شـــتێکی دیکە هەلبژێرین - ئەوە باشـــە؛ هەموو ئەوانەشـی پێچەوانەکەیەتی خراپە. ئێمە زۆر باش دەزانین، لە هەر حاڵەتێکدا، ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین باش و خراپ، هەمیشە، چ ئەم و چ ئەو، دەرئەنجامی ســـروشـــتی هۆکارە ســـروشـــتییەکانە و لە ئەنجامدا ئەمیان وەک ئەوی دیکە حەتمییە. بەڵام ئەوەی کە بە شێوەیەکی دروست پێی دەوترێت سروشت، چەند زەروورێتێك لەو سـروشـتەدا هەیە کە ئێمە دەرکیان پێدەکەین بەڵام زۆر حەز بە بەخێرهاتنیان ناکەین، بۆ نموونە بوونی مردن بەهۆی گرتنی سـەگی هارەوە. هەر بەو شـێوەیە دەسـتبەجێ بە بەردەوامیدان بە ژیانی سـروشـتیانە، کە پێی دەوترێت مێژوو، ڕووبەڕووی چەندین پێویستی دەبینەوە کە زۆر زیاتر شایەنی بێزلێکرندەوەیە نەك خێرهاتنی. ئەمە لە کاتێکدا پێشـــمان وایە دەبێ بەو هەموو وزەیەی کە توانـای ئەوەمـان هەیە بۆ بەرژەوەنـدی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسـیمان، عەیبەداریان بکەین، هەرچەندە ئێمە هەر لە یەکەم سـاتەوە دان بەوەدا دەنێین و بەم ئەنجـامە گەیشـــتوین، تەنـانەت ڕاســـتییە مێژووییە قێزەوەنییەکانیش ئەو سیما حەتمییەیان هەیە کە لە هەموو دیاردەکانی سروشتدا و هەروەها لە دیاردەکانی خوودی مێژوودا دەبینرێت.

بۆ ئەوەی بیرۆکەکەم ڕوونتر بێت، بە چەند نموونەیەک باســـی دەکەم. کاتێك لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە لێکۆڵینەوە دەکەم سەبارەت بەبەرکەوتنی ڕۆمانییەکان و یۆنانیەکان لە سـەروبەندی کۆتاییهاتنی چەرخە کۆنەکاندا، دەگەم

بەو ئەنجامەی کە داگیرکردنی یۆنان لە لایەن ڕۆمانییەکانەوە و وێرانکردنی ئاستی بەرزی ئازادیی مرۆڤ بوو بە ڕێژەیەك، بەهۆی بەربەرییەتی سەربازی و مەدەنی ڕۆمانییەکانەوە. لە ئاستێکی بەراوردکاری بەرزی ئازادی مرۆیی یۆنان ڕاستییەکی لۆژیکی و سروشتی و بەتەواوی حەتمی بوو. بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەك ڕێگریم لێناکات کە بە شێوەیەکی بەرچاو و زۆر بە توندی، لایەنی یۆنان بەرامبەر ڕۆما لەو خەباتەدا وەربگرم و بۆم دەردەکەوێت کە ڕەگەزی بەشەرییەت بە سەرکەوتنی ڕۆمییەکان بە هیچ شێوەیەك هیچی بەدەست نەهێناوە.

بە هەمان شێوە، من بە ڕاستییەکی تەواو سروشتی و لۆژیکی و پاشانیش بە حەتمی دەزانم کە دەبوو مەسیحییەکان بە تووڕەییەکی پیرۆزەوە هەموو کتێبخانەکانی تاغوتەکان و هەموو گەنجینەکانی هونەر و فەلسەفە و زانستی کۆن لەناو ببەن .بەڵام بە هەموو شێوەیەك مەحاڵە بۆ من تێبگەم کە چ سوودێکی بۆ گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان دەبوو. تەنانەت زیاتر مەیلی ئەوەم هەیە کە ئاوا بیر بکەمەوە کە جگە لە پرۆسەی حەتمیانەی ڕاستییە ئابوورییەکان کە ئەگەر مرۆڤ باوەڕ بە مارکس بهێنێت، دەبایە بەدەر لە هەموو ڕەچاوکردنێکی دیکە بێت، لەمەڕ تاکە هۆکاری هەموو ئەو ڕاستییە فیکری و ئەخلاقییانەی کە لە مێژوودا بەرهەم دەهێنرێن، دەڵێم و من بە توندی باوەڕم وایە کردنی ئەم کارە بەربەرییەتە پیرۆزە، یان باشتر بڵێم ئەو زنجیرە درێژە لە لە کردەوە و تاوانی بەربەریانەی کە مەسیحییە پێشینەکان بە ئیلهامبەخشی خوداییەوە دژی ڕۆحی مرۆڤ ئەنجامیاندا، یەکێك بووە لە هۆکارە سەرەکییەکان لە دابەزینی فیکری و ئەخلاقی لە ئەنجامدا، هەروەها لە کۆیلەکردنی سیاسی و

کۆمەڵایەتی، کە درێژەی بە زنجیری ئەو سـەدە خراپە دا کە پێی دەگوترا سەدەکانی ناوەڕاست. دڵنیابە لەوە، کە ئەگەر مەسیحییە پێشینەکان کتێبخانە و مۆزەخـانە و پەرسـتگاکانی دێرینیـان لەنـاو نەبردبـا، ئێمە ئەمڕۆ مەحکوم نەدەکراین بە محـارەبەکردنی ئەو جەمـاوەرە بێمـانـاییە ترسـنـاك و شەرمەزارکەرانە، کە تا ئێستاش مێشکی مرۆڤەکان بەربەستن بۆ وەها پلەیەك / ڕادەیەك کە وامـان لێدەکـات هەنـدێـک جار گومـانمـان هەبێت لە ئەگەری داهاتوویەکی مرۆڤانەتر.

بەدوای هەمان زنجیرە نـاڕەزایەتییەکان دژی ئەو ڕاسـتیانەی کە لە مێژوودا ڕوویانداوە و لە ئەنجامدا من خۆم کارەکتەرە حەتمییەکەی دەناسـم، لەبەردەم شـکۆمەندی کۆمارەکانی ئیتالیا و پێش بەئاگاهاتنەوەی شـایستـەی عەبقەرییەتی مرۆڤ لە سـەردەمی ڕێنێسـانسـدا دەوەسـتم. پاشـان نزیکبوونەوەی دوو نەهەنگی خراپەکـار و مەلعون دەبینم کە وەك خودی مێژوو کۆنن، ئەو دوو ئەژدیهایە کە تا ئێستا هەموو شتێکی مرۆیی و جوانیان لەباربردووە کە مێژوو بەرهەمی هێنـاوە. ئەو دوانە پێیـان دەوترێت کەنیسـە و دەوڵەت، پاپایەتی و ئیمپراتۆریەت. خراپەکـاری ئەبەدی و هـاوپەیمـانی لەیەك جیانەبووەن، دەبینم ئاشـتەوایی دەکەن، یەکدی لە باوەش دەگرن و پێکەوە وێرانکاری سـەرکوتکەر و ئەو ئیتالیا بەدبەخت و زۆر جوانە دەکەن وتێکیدەشـکێنن و بە سـێ سـەدە مەرگ مەحکومی دەکەن. دیسـانەوە من هەموو ئەوانە زۆر بە سـروشـتی و لۆژیکی و حەتمی دەزانم، لەگەڵ ئەوەشدا قێزەوەنن و لە هەمان کاتیشدا نەفرەت لە هەردوو پاپا و ئیمپراتۆر دەکەم.

با بگەڕێینەوە بۆ فەرەنسا. دوای خەباتێك كە سەدەیەكی خایاند، ئایینی كاسۆلیكی كە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری دەكرا، دواجار لەوێ سەركەوتنی بەسەر پرۆتستانتیزمدا بەدەستهێنا. باشە، هێشتا ئەمڕۆش لە فەرەنسادا هەندێك سیاسەتمەدار یان مێژوونووسی قوتابخانەی قەدەریی/جەبریی نادۆزمەوە كە خۆیان بە شۆڕشگێڕ دەزانن، واهەست بكەن ئەم سەركەوتنەی ئایینی كاسۆلیكی كە سەركەوتنێكی خوێناوی و نامرۆڤانەیە، - ئەگەر هەمیشەش سەركەوتنێكی حەقیقی بووبێت- سەركەوتنی ڕاستەقینەی شۆڕش نەبووە.
ئەوان ئایینی كاسۆلیكی كە پێداگری لەسەر دەكەن ئەو كات دەوڵەت بوو، دیموكراسی بوو، لە كاتێكدا پرۆتستانتیزم لای ئەوان نوێنەرایەتی ڕاپەڕینی ئەرستۆكراسی دژی دەوڵەت و هەروەها دیمۆكراتیش دەكرد. بەو جۆرە ئەم هەڵانە كە هاوشێوەی هەڵەكانی ماركسییەكانە كە هەر ئاوا سەركەوتنەكانی دەوڵەت بە سەركەوتنەكانی سۆسیال دیموكراسی دەزانن- ئەوە لەگەڵ ئەم بێمانایانەدا دەگونجێن و قێزەونن بە قەدەر ئەو قێزەونییەی كە عەقڵ و هەستی ئەخلاقی و هۆشیاری جەماوەر گەندەڵ دەكەن، دووبارە ئالوودەی بەخشندەیی چەوسێنەران و خوێنڕێژەكانی خۆیان و دوژمنی دێرین و ستەمكارەكانیان و ئاغا و خزمەتكاری دەوڵەتیان دەكەن، تاكو وەك ئۆرگان، نوێنەر، پاڵەوان، یاخود خزمەتكاری دڵسۆز بە ڕزگاركەری خۆیانیان بزانن.

هەزاران جار راستترە کە بلێین؛ ئەو کاتە پرۆتستانتیزم نەك وەك لاهووتگەرایی کالڤینیست [2]( Calvinist )، بەڵکو وەك نارەزایەتییەکی وزەبەخش و چەکدارانە، نوێنەرایەتی ڕاپەڕین و ئازادیی، مرۆڤایەتی و لەناوبردنی دەوڵەتی دەکرد؛ لە کاتێکدا کاسۆلیکیزم لەسەر نەزمی گشتی، دەسەڵات، یاسای خودایی و ڕزگارکەری دەوڵەت بوو لەلایەن کەنیسەوە و کەنیسەش لەلایەن دەوڵەتەوە، سەرزەنشتکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە کۆیلایەتییەکی بێ سنوور و بێ کۆتایی بوو.

لە کاتێکدا کە دان بە حەتمییەتی ئەو ڕاستییە بەدیهاتووەدا دەنێم، دوودڵ نابم لەوەی بڵێم کە سەرکەوتنی ئایینی کاسۆلیکی لە فەرەنسا لە سەدەی شانزە و حەڤدەدا بەدبەختییەکی گەورە بوو بۆ هەموو ڕەگەزی مرۆڤ، و کۆمەڵکوژی قەدیس بارتۆلۆمیۆ[3]، (Saint Bartholomew ) هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ڕاگەیاندنی، مەرسومی نانتێس[4] (Nantes ) ، ڕاستیگەلێکی کارەساتبار بوون بۆ خودی فەرەنسا خۆشی، هەر وەك چۆن لەم دواییانەدا شکست و کۆمەڵکوژی خەڵکی پاریس لە کۆمۆنە کرا. لە ڕاستیدا گوێم لە فەرەنسییە زۆر زیرەکەکان و زۆر مەزەندەدارەکان بووە ئەم شکستەی پرۆستانتیزمیان لە فەرەنسا بە

---

[2] کالڤینیست کەسێکە کە پابەندە بە کالڤینیزمەوە، کە لقێکی مەسیحییەتی پرۆتستانتییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە فێرکارییەکانی جۆن کالڤینی ڕیفۆرمخوازی فەرەنسی- سەدەی ١٦دا هەیە. ئەم نەریتە تیۆلۆژییە جەخت لەسەر سەروەری خودا و دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز و عەقیدەکان دەکاتەوە سەبارەت بە ڕزگاربوون و نیعمەت.

[3] بارتۆلۆمیۆی پیرۆز یەکێک بوو لە دوانزە نێردراوی عیسا مەسیح کە لە پەیمانی نوێی کتێبی پیرۆزدا باسی لێوە کراوە

[4] فەرمانی نانتس (١٥٩٨) ئازادی ئایینی و مافی مەدەنی بە پرۆتستانتەکانی فەرەنسی (هوگێنۆتەکان) بەخشیبوو .هەنگاوێکی پێشکەوتوو بوو بەرەو لێبوردەیی ئایینی لە سەردەمی ململانێیەکی توندی کاسۆلیک و پرۆتستانتدا.

ســروشــتی شــۆڕشــگێڕانەی جەوهەری گەلی فەرەنســاوە دەبەســتەوە. ئەوان دەیانگوت: "پرۆتســتانتیزم تەنیا نیمچە شــۆڕشــێک بوو؛ ئێمە پێویســتمان بە شۆڕشێکی تەواو بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە نەتەوەی فەرەنسا ئارەزووی نەدەکرد و نەیدەخواست لە چاکسازیی دینیدا بوەستێت و توانای کردنی ئەوەشی نەبوو، پێی باشــتر بوو بە کاســۆلیکی بمێنێتەوە تا ئەو ســاتەی کە دەیتوانی بێباوەڕی ڕابگەیەنێت، هەر لەبەر ئەوە بەرگەی ڕادەســتبوون و تەواوی ئەم تەحەمولەی مەسیحییەتی کرد و قەبوڵی هەردوو کارەساتی کوشتارگەلی قەدیس بــارتۆلۆمیۆ (Saint Bartholomew ) و هەروەهـا ئەوانەشــی کە کەمتر قێزەوەن نەبوون لە جێبەجێکەرانی هەڵوەشانەوەی ڕاگەیاندنی فەرمانی شۆڕشی نانتس (Nantes ) ".

پێناچێت ئەم نیشــتمانپەروەرە خەمڵێنراوانە بیانەوێت شــتێك لەبەرچاو بگرن، ئەویش ئەوەیە کە خەڵك بە هەر بیانوویەك بێت، تووشــی ســتەمکاری دەبێت، بەزەرووره لە کۆتاییدا خوو و نەریتی بەســوودی ڕاپەڕین و تەنانەت خودی غەریزەی ڕاپەڕینیش لەدەســت بدات. هەســتی ئازادیی لەدەســت دەدات و کاتێکیش خەڵك هەموو ئەوانە لەدەســت دەدات، ئیتر بە زەرووری نەك تەنها بەهۆی بارودۆخی دەرەوەی خۆیەوە، بەڵکو لە خۆیدا، لە جەوهەری بوونەکەیدا، دەبێتە خەڵکێکی کۆیلە. لەبەر ئەوە بوو کە پرۆتستانتیزم لە فەرەنسا شکستی هێنا، گەلی فەرەنسا داب و نەریتی ئازادی لەدەستدا، یان باشتر بڵێین هەرگیز بەدەستی نەهێناوە. لەبەر ئەوەیە کە ئەم داب و نەریتە لێی بێ بەشە کە ئەمڕۆ ئەو شــتەی نییە کە ئێمە پێی دەڵێین هۆشــیاری ســیاســی و لەبەر ئەو کەم هۆشــیارییە بووە کە هەموو ئەو شــۆڕشــانەی کە تا ئێســتا دروســتی کردووە

نەیتوانیوە ئازادیی سیاسی پێ بدەن یان مسۆگەری بکەن. جگە لە ڕۆژە شۆڕشگێڕییە گەورەکانی کە ڕۆژانی فێستیڤاڵەکەیەتی، خەڵکی فەرەنسا ئەمڕۆش وەك دوێنێ، بە خەڵکانێکی کۆیلە دەمێنێتەوە.

## سێ: دەوڵەت و مارکسیزم

هەموو کارەکانی که لە دامەزراندن و مووچەی دەوڵەتیدا ئەنجام دەدرێن هەموو ئەمانە دەبنە بنەمای بنەڕەتی کۆمۆنیزمی ستەمکاریی لە دەوڵەتی سۆشیالیزمدا. دەوڵەت کە لە کۆتایی قۆناغێکی دیاریکراوی گواستنەوەدا خاوەنی تەواوی موڵکە، پێویستە کۆمەڵگە بەبێ شۆکی سیاسی و ئابووری زۆر گەورە لە ڕێکخستنی ئێستای ئیمتیازاتی بۆرژوازییەوە بۆ ڕێکخستنی داهاتووی یەکسانی فەرمی بۆ هەمووان تێپەڕێت، هەروەها دەوڵەت هەر خۆی دەبێتە سەرمایەدار، بانکدار، قەرزدەر، ڕێکخەر، بەڕێوەبەری هەموو کارە نیشتمانییەکان و دابەشکەری بەرهەمەکانی. ئەمە شێوەیەکی نموونەیی باڵا و بنەمای بنەڕەتی کۆمۆنیزمی مۆدێرنە.

بابیۆف[5] (Babeuf ) بۆ یەکەم جار لە کۆتایی شۆڕشی گەورەی فەرەنسادا لەگەڵ هەموو ئەو ڕیزبەندییە مەدەنییەتە کۆنە و توندووتیژییە شۆڕشگێڕانەی لەوێ هەبوو کە کاراکتەری کەسیی ئەو سەردەمەی پێکدەهێنا ئەم چەمکەی دارشت. پاشان دوای 45 ساڵ لە ڕێگەی لویس بلانکەوە[6] ( Louis Blanc )

[5] فرانسوا نۆئێل بابیۆف (١٧٦٠-١٧٩٧) ناسراو بە گراکوس بابیۆف، شۆڕشگێڕ و ڕۆژنامەنووس و ورووژێنەری سیاسی فەرەنسی- بووە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا. زیاتر بە بانگەشەکردن بۆ یەکسانیخوازی ڕادیکاڵ ناسراوە و بە پێشەنگێک بۆ بیری سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی مۆدێرن دادەنرێت.

[6] لوویس جان جۆزێف چارلز بلان، سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و مێژوونووسی سۆسیالیستی فەرەنسی بوو لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٨٤٨، بلانك بوو بە ئەندامی حکومەتی کاتی. ئەو بۆ

کە کارەکتەری ئەو سەردەمەی پێکدەهێنا لە نامیلکە بچووکەکەیدا لەسەر ڕێکخراوی کرێکاران ، (The Organisation of Labor ) دووبارە داپڕشتەوە. ئەو هاووڵاتییە مەزنە، زۆر کەمتر شۆڕشگێڕانە و زۆر زیاتر لە بابیوف بەرامبەر بە لاوازییەکانی بۆرژوازییەکان خۆبەخشانە هەوڵی دا حەبەکە خۆشەویست / پیرۆز و شیرین بکاتەوە تا بۆرژوازییەکان بتوانن قوتی بدەن بێ ئەوەی بە گومان بن کە ئەوان ژەهرێك دەخۆن کە زیانیان پێدەگەیەنێت. بەڵام بۆرژوازییەکان فریو نەدران و دڕندانە گەڕانەوە و بە ئەدەبەوە لویس بلانکیان لە فەرەنسا دوورخستەوە. سەرەڕای ئەوەش، هێشتا بە بەردەوامییەك، کە مرۆڤ دەبێ سەرسامی بێت، لویس بلانك بە تەنیا بە دڵسۆزی بۆ سیستەمە ئابوورییەکەی مایەوە و بەردەوام بوو لە باوەڕبوون بەوەی کە هەموو داهاتوو سەبارەت بە ڕێکخستنی کرێکاران لە نامیلکە بچووکەکەیدا هەیە.

دواتر بیرۆکەی کۆمۆنیستیی کەوتە دەستێکی جددیتر. کارل مارکس، سەرۆکی بێ ڕکابەری پارتی سۆسیالیستی لە ئەڵمانیا- ڕۆشنبیرێکی مەزنی چەکدار بوو بە زانستێکی قووڵ، کە سەراپای ژیانی، مرۆڤ دەتوانێت بەبێ پیاهەڵدان بڵێت؛ بۆ گەورەترین دۆز تەرخانکراوە کە ئەمڕۆ هەیە، ڕزگارکردنی کرێکارو چەوساوەکان. کارل مارکس کە بەبێ مشتومڕ ئەگەر تاکە کەس نەبێت، لانیکەم

---

سەرکردایەتیکردنی کۆمیسیۆنی لۆکسمبۆرگ دەستنیشانکرا، ئەرکی چارەسەرکردنی کێشەکانی کار و جێبەجێکردنی چەمکی وۆرکشۆپی کۆمەڵایەتییەکەی پێسپێردرا. لە ساڵی ١٨٧٠ گەڕایەوە بۆ فەرەنسا و لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بەشداری کرد. جێگای سەرنجە، بانگەشە بۆ لێبوردنی بەشداربووانی کۆمۆنەی پاریس دەکرد، جەختی لەسەر ئاشتەوایی دەکردەوە.

یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەرەکی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکاران، بیرۆکەی پەرەپێدانی کۆمۆنیســـتیی کردە بابەتێکی جددی کارکردن. کارە مەزنەکەی، ' کتێبی ســـەرمایە'، لانی کەم فانتازیایەک نییە، چەمکێکی "بەدیهیی" نییە، کە لە یەک ڕۆژدا لە مێشکی لاوێکدا دروست بووبێت کە کەم تا زۆر بێ ئاگابێت لە بارودۆخی ئابووری و حەقیقەتی ســـیســـتەمی بەرهەمهێنان. بەڵکو لەســـەر زانیارییەکی زۆر بەرفراوان و زۆر ورد و شـــیکارییەکی زۆر قووڵی ئەم ســـیســـتەمە و بارودۆخەکانی نوســـراوە. کارل مارکس پیاوێکی خاوەن زانیارییەکی بێئەندازەی ئاماریی و ئابوورییە، کارەکانی لەســـەر ســـەرمایە هەرچەندە بەداخەوە پڕ بووە لە فۆرمیلە و وردبینی میتافیزیکی، کە وایکردووە جەماوەری گەورەی خوێنەران لێی نزیك نەبنەوە، بەڵام لە بەرزترین ئاســـتدا بەرهەمێکی زانســـتی یان واقیعییە: بەو مانایەی کە بە ڕەهایی بەدەرە لە هەر لۆژیکێکی دیکە جگە لە لۆژیکە دروستەکان.

مارکس کە نزیکەی ســـی ســـاڵ لە نێو کرێکارانی ئەڵمانی و پەنابەرانی وەک خۆیدا دەژی و کەم تا زۆر دەورە دراوە بە دۆســـت و قوتابی زیرەك کە بە پێناســـەی لەدایکبوون و پەیوەندییەکانیان ســـەر بە جیهانی بۆرژوازیین، مارکس بە سروشتی توانیویەتی قوتابخانەیەکی کۆمۆنیستیی، یان جۆرێك لە کەنیســـەی کۆمۆنیســـتیی بچووك، کە لە شـــارەزایانی بەئەمەك پێکهاتووە و لە هەموو ئەڵمانیادا بڵاوبووەتەوە. ئەم کەنیســـەیە، هەرچەندە ڕەنگە بە ژمارە ســـنووردار بێت، بەڵام بە شێوەیەکی لێهاتووانە ڕێکخراوە و بە سوپاسگوزاریی پەیوەندییە زۆرەکـــانی لەگەڵ ڕێکخراوەکـــانی چینی کرێکـــارانەوە لە هەموو شـــوێنە ســـەرەکییەکانی ئەڵمانیا، ئاوا بووەتە هێزێك. کارل مارکس بە شـــێوەیەکی

سروشتی لەم کەنیسەیەدا دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەك باڵای هەیە و بۆ ئەوەی دادپەروەر بێت لەوێدا، دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە دەزانێت چۆن ئەم سوپا بچووکە لە لایەنگرانی لە ڕێگەیەکەوە بەڕێوەببات بە شێوەیەك کە هەمیشە شکۆمەندی و دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەیاڵی کرێکارانی ئەڵمانیا گەورە بکات.

مارکس تەنها سۆسیالیستێکی فێربووە نییە، هەروەها سیاسەتمەدارێکی زۆر زیرەك و نیشتمانپەروەرێکی بەئەمەکە وەك بیسمارك، هەرچەندە بە ڕێگەیەکی تاڕادەیەك جیاواز و وەك زۆرێك لە هاوولاتیانی دیکەی سۆسیالیست یاخود ناسۆشیالیست، بەڵام دەیەوێت دەولەتێکی گەورەی ئەڵمانی بۆ شکۆمەندی و بەختەوەری گەلی ئەڵمانیا بۆ شارستانیەتی خۆبەخشانە یان سەپێنراو بە سەر جیهاندا دامەزرێنێت.

سیاسەتی بیسمارک سیاسەتی ئێستایە؛ سیاسەتی مارکس کە لانیکەم خۆی بە جێنشینی ئەو دەزانێت، بەردەوامیدان بە سیاسەتی داهاتووە. کاتێك کە دەڵێم مارکس خۆی بە درێژەپێدەری بیسمارك دەزانێت، من زۆر دوورم لە بوختانکردن بە مارکسەوە. ئەگەر خۆی بەو شێوەیە نەزانیبایە، ڕێگەی نەدەدا ئەنگڵس، متمانەپێکراوی هەموو بیرکردنەوەکانی، بنووسێت کە بیسمارك خزمەت بە دۆزی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەکات. ئێستا ئەو بە شێوازی خۆی خزمەت دەکات؛ مارکسیش دواتر بە شێوەیەکی دیکە خزمەتی دەکات. ئەوە ئەو هەستەیە کە دواتر بەردەوامیپێدەر دەبێت، وەک چۆن تا ئەمڕۆ ئەو سەرسامی سیاسەتی بیسمارکە.

ئێستا با لە خەسڵەتی تایبەتی سیاسەتی مارکس بکۆڵینەوە، با ئەو خاڵە جەوهەریانە دڵنیا بکەینەوە کە بڕیارە لە سیاسەتی بیسمارکیی جیا بکرێتەوە. خاڵی سەرەکی و ڕەنگە مرۆڤ بڵێت تاکە خاڵ، ئەمەیە: مارکس دیموکراتە، سۆسیالیستێکی دەسەڵاتخوازە و کۆمارییە؛ بیسمارك کەسێکی تەواوی پۆمێرانییە، (Pomeranian ) شتێکی پوختی (Junker ) [7] پاشایەتی و ئەرستۆکراتییە. بۆیە جیاوازییەکە زۆر گەورەیە، زۆر جددییە و هەردوولا لەم جیاوازییەدا ڕاستگۆو دڵسۆزن.

لەم خاڵەدا، هیچ لێکتێگەیشتنێک یان ڕێکەوتنێك لە نێوان بیسمارك و مارکسدا مومکین نییە، تەنانەت بەشێك لەو بەڵێنە بێ شومارانەی کە مارکس بە درێژایی ژیانی، بە دۆزی دیموکراسی سۆسیالیستی داوە، پێگەی تەواوی و تەماحەکانی گەرەنتییەکی ئەرێنی بە پرسی جیاوازی نێوانیان دەدەن. لە دەسەڵاتی پاشایەتیدا هەرچەندە لیبراڵ بێت، یان نەبێت مارکس ناتوانێت هیچ پێگەیەك یاخود ڕۆڵێکی هەبێت و بە تایبەتیش لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی پرۆسدا کە لەلایەن بیسمارکەوە دامەزراوە، کە ئیمپراتۆرێکی عەسکەرتاری (میلیتەری) توندڕەو و خۆپەرستە، کە هەموو بارۆن و بیرۆکراتەکانی ئەڵمانیا سەرۆك پاسەوانی بوون. مارکس پێش ئەوەی بتوانێت بگاتە دەسەڵات، پێویستە هەموو ئەوانە بسڕێتەوە. بۆیە مارکس ناچارە شۆڕشگێڕ بێت. ئەوەی کە مارکس لە

[7] ئەشراف و خاوەنزەوی یاخود ئەرستۆکراتی ئەڵمانی، بە تایبەت ئەندامانی ئەرستۆکراسی پرۆسیا .. ڕایخ لە لایەن ئەوان و بورژوازییە پیشەسازییەکانەوە وە هەیمەنە کرابوو . ئەوان تا ئێستاش بوونی خۆیانیان هەیە و ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە یەکگرتنی ئەڵمانیا و دواتر، زۆرێک لە یونکەرەکان دڵسۆز بوون بۆ دەسەڵاتی پاشایەتی و بەرەنگاری چاکسازییە دیموکراسیەکان بوون لە سەردەمی کۆماری ڤایماردا.

بیســـمارك جیا دەکاتەوە فۆرم و مەرجەکانی حکومەتە. یەکێکیان بەتەواوی ئەرســتۆکراتی و پاشــایەتییە و لە کۆمارێکی پارێزگار (موحافییزکار)ی وەک کۆماری فەرەنســا کە لەو ســەردەمەدا لە لایەن ئەوانەوە حوکم دەکران، ئەوی دیکە دیموکراتێکی تەواو و کۆمــاریخوازێکە و لەم مــامەڵە و ســـەودایەدا دیموکراتێکی سۆسیالیستی و کۆماریخوازێکی سۆسیالیستییە.

ئێســـتا با بزانین چی یەکیان دەخات. لە ڕاســـتیدا ئەوەی کە یەکیان دەخات پەرستنی پەرستگەی تەواوی دەوڵەتە. پێویستم بەوە نییە لە دۆسیەی بیسمارکدا بیسەلمێنم، بەڵگەکان ئاشکران. بیسمارك لە سەرەوە تابنی پێی پیاوی دەوڵەتە و جگە لە پیاوی دەوڵەت هیچی تر نییە. هاوکاتیش باوەڕم نییە کە پێویســـتم بە هەوڵی زۆر گەورە هەبێت بۆ ئەوەی بیســەلمێنم کە لەگەڵ مارکســیشــدا هەمان شتە. مارکسیش تا ئەو ڕادەیە حکومەتی خۆشدەوێت کە تەنانەت ویستویەتی لە کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کرێکـارانـدا حکومەتێـک دابمەزرێنێـت و ئەوەنـدە دەســەڵات دەپەرســتێت کە ویســتویەتی بیســەپێنێت و ئێســتاش مەبەســتیەتی دیکتـاتۆریەتی خۆی بەســـەرمـانـدا بســـەپێنێـت، پێم وایە ئەوە بەســـە بۆ کاراکتەرایزکردنی هەڵوێســتی کەســیی ئەو. بەڵام بەرنامە ســۆســیالیســتی و ســیاســییەکەی دەربڕینێکی زۆر دڵســۆزانەیە بۆ هەڵوێســتی. ئامانجی باڵای هەموو هەوڵەکانی، وەك لە بنەما بنەڕەتییەکانی پارتەکەی لە ئەڵمانیا بۆمان ڕادەگەیەنرێت، دامەزراندنی دەوڵەتی مەزنی گەلە (ڤۆڵکسستات).

بەڵام کـاتێـك هەرکەســـێـک بـاس لە دەوڵەت دەکـات ئەو بەزەرووره دەڵێت دەوڵەتێکی سنووورداری تایبەت، گومانی تێدا نییە کە قسە لەسەر دەوڵەت سازش هەڵدەگرێت، چونکە ئەگەر زۆر گەورە بێت چەندین کەس و وڵاتی جیاواز

لەخۆدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا هێشـــتا بەدەر لەوانە خەڵکانی زیاتریش هەیە. چونکە مەگەر خەون بە دەوڵەتی جیهـانییەوە ببینێـت، وەك نـاپلیۆن و ئیمپراتۆر چارلزی پێنجەم، یان وەك چۆن پاپا خەونی بە کەنیســەی جیهانییەوە بینیوە، مارکسیش وێڕای ئەو هەموو تەماحە نێونەتەوەییەی کە ئەمڕۆ دەیەوێت، کاتێك کە زەنگی کاتژمێری بەدیهێنانی خەونەکانی لێدەدات – ئەگەر کاتژمێرەکە لێبـدات- دەبێـت خۆی بە بەڕێوەبردنی یەك دەوڵەت ڕازی بکـات نەك چەنـد دەوڵەتێك بە یەکجار. لە ئەنجامدا هەرکەســێک بڵێ دەوڵەت دەڵێت دەوڵەتێك و هەرکەســێکیش بڵێ دەوڵەتێك دڵنیایی بوونی چەند دەوڵەتێك دووپات دەکاتەوە و هەرکەسێك بڵێت چەند دەوڵەتێك، یەکسـەر دەڵێت: کێبڕکێ، ئیرەیی، شـەڕی بێ متمانە و بێ کۆتایی. ســادەترین لۆژیکە و هەروەها هەموو مێژوو شــایەتحاڵی ئەوەن.

هەر دەوڵەتێـك بێـت، لە ژێر ئـازاری لەنـاوچوون و بینینی خۆیـدا کە لەلایەن دەوڵەتانی دراوسـێیەوە قوتدەدرێت، دەبێت مەیلی دەســەڵاتی تەواوی هەبێت و بەهێز بێت، دەبێت دەســت بە پیشــەی فەتحکردن بکات، بۆ ئەوەی خۆی داگیر نەکرێت؛ چونکە دوو دەســـەڵاتی هاوشــێوە و لە هەمان کاتدا نامۆ بە یەکتر ناتوانن پێکەوە بژین بەبێ ئەوەی هەوڵی لەناوبردنی یەکتر نەدەن. هەرکەسیش باس لە فەتح دەکات باســـی لە داگیرکردنی خەڵك کردووە، لە کۆیلەکردنیان و ملکەچکردنیان بۆی، ئیتر ڕەنگە لە ژێر هەر فۆرم و ناوێکدا بێت.

لە سروشتی دەوڵەتدایە کە هاودەنگیی و هاوپشتی ڕەگەزی مرۆڤ تێکبشکێنێت و وەك کردویەتی، وەکو ئەوەی نکوڵی مرۆڤـایەتی بکـات. دەوڵەت نـاتوانێت خۆی بەو شـــێوەیە بپارێزێت لە یەکپارچەیی و لە بوونی هەموو هێزی خۆیدا

مەگەر خۆی وەك باڵادەست و ڕەها بنوێنێت لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی، لانیکەم بۆ هاووڵاتیانی خۆی، یان ڕاشـــکاوانەتر قســـە بکەین بۆ ڕەعیەتەکانی خۆی، چونکە توانای خۆسەپاندنی خۆی بەسەر هاووڵاتیانی دەوڵەتانی دیکەدا نییە کە لەلایەن ئەوەوە داگیرنەکراون. ئـالێرەوە بە حەتمی دوورکەوتنەوەیەك یـاخود دابڕینێك لەگەڵ مرۆڤدا ڕوودەدات، کە بە بەرچاوەوە گشـتگیری ئەو ئەخلاقەیە کە بەهۆی لەدایکبوونی ئەخلاقی دەوڵەت و هۆکـارەکـانی دەوڵەتەوەن. بنەمـای ئەخلاقی سـیاسـیی یان دەوڵەتیی زۆر سـادەیە. ئامانجی باڵای دەوڵەت ئەوەیە هەموو شـــتێك لەبار بێت کە بۆ پەرەپێدانی دەســـەڵاتەکەی باشـــە؛ هەموو ئەو شـــتانەی کە پێچەوانەی ئەوەن، ئەگەر مرۆڤدۆســـتانەترین شـــتیش بووبێت لە جیهاندا، خراپە. ئەم ئەخلاقە پێی دەوترێت نیشـــتمانپەروەریی. نێونەتەوەیی نەفیکردنەوەی نیشـتمانپەروەرییە و لە ئەنجامدا نەفیکردنەوەی دەوڵەتیشـە. بۆیە ئەگەر مارکس و برادەرەکانی لە پارتی سـۆسـیالیسـتی دیموکراتی ئەڵمانی سـەرکەوتوو بن لە چەسـپاندنی بنەمـای دەوڵەت لە بەرنـامەکەمـانـدا، ئەوا نیونەتەوەیی دەکوژن.

دەوڵەت بۆ پاراســـتنی خۆی، بە ناچاری دەبێت لە ڕووی کاروباری دەرەوەوە بەهێز بێـت؛ بەڵام ئەگەر لەبـارەی کـاروبـاری دەرەوە وابێـت، بە دڵنیـاییەوە لەبارەی کاروباری ناوخۆشـەوە وا دەبێ. هەموو دەوڵەتێك کە ناچارە خۆی لە لایەن هەندێك ئەخلاقی تایبەتەوە، ئیلهامبەخشـەوە ئاراسـتە بکرێت، کە لەگەڵ بـارودۆخە تـایبەتەکـانی بوونی خۆیـدا بگونجێـت، لەلایەن ئەخلاقیکەوە کە سـنووردارکردنێکە و لە ئەنجامدا نکۆڵیکردنە لە ئەخلاقی مرۆیی و جیهانیی، دەبێت چاودێری ئەوە بکات کە هەموو ڕەعیەتەکانی، لە بیرکردنەوەکانیان و لە

ســـــەرووی هەمووشـــــیانەوە لە کردەوەکانیاندا، تەنیا لە بنەماکانی ئەم ئەخلاقە نیشـــتمانپەروەرە یان تایبەتە ئیلهامیان وەرگرتووە، و کە بە کەڕیی دەمێننەوە لە بەرامبەر فێرکارییەکانی ئەخلاقی خاوێن یان مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتگیر. ئالێرەوەیە پێویستی سانسۆری دەوڵەت زۆر بەبەهێزی دێتە ئاراوە سەبارەت بە ئازادیی و بیرکردنەوە و بۆچوونەکان، وەك مارکسیش پێی وایە، بە شێوەیەکی مەنتقی زۆر لە ڕوانگە سیاسییە دیارەکەیەوە لەگەڵ ئەو یەکدەنگییە پابەندبوونە ناتەبایە، کە ئاســـایشـــی دەوڵەت داوای دەکات. ئەوەی کە لە واقیعدا بۆچوونی مارکسە، بە ڕادەیەکی پێویست بەو هەوڵانە دەسەلمێنرێت کە بۆ هێنانە ناوەوەی سانسۆر بۆ ناو نێونەتەوەیی، بە بیانووی متمانەدار و داپۆشینی بە دەمامك.

بەڵام ئەم ســـانســـۆرە هەرچەندە وریا بێت و بگاتە ئەو پەڕی، تەنانەت ئەگەر دەوڵەت تەنیا پەروەردە و هەموو ڕێنماییەکانی خەڵك بخاتە دەستی خۆشییەوە، وەك ئەوەی مازینی[8] ئارەزووی دەکرد و وەك ئەوەی ئەمڕۆ مارکس ئارەزووی دەکـات، دەوڵەت هەرگیز نـاتوانێـت دڵنیـابێـت لەوەی کە گریمـانی ئەوە نییە بیرکردنەوە قەدەغەکراو و مەترسیدارەکان دزە نەکەن و بە جۆرێك لە جۆرەکان بە قاچاخ نەخرێنە ناو هۆشـــیاری ئەو دانیشـــتووانەی کە حوکمڕانی دەکرێت. وەکو وتراوە میوەی قەدەغەکراو زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ مرۆڤەکان و شەیتانی

[8] جۆزێپی مازینی سـیاسـەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانێکی ئیتالی بوو بۆ یەکخسـتنی ئیتالیا، سـەرکردەی بزوتنەوەی شـــۆڕشـــگێڕی ئیتالیان بوو، لە 1805/06//22 لە دایك بووە لە 1872/03/10 دا کۆچی دوایی کردووە.

یــاخیبووی دوژمنــی ئەبەدیی دەوڵەت، بەو رادەیەش گەمژە نین، کە نە ئەم پەروەردەیە و نە ئەم ڕێنماییە و تەنانەت ســانســۆریش، بە ڕادەیەکی پێویســت گەرەنتی ئارامیی دەوڵەت بکەن. هێشتا دەوڵەت دەبێت پۆلیس، پیاوانی دڵسۆزی هەبێت کە چاودێری ڕاستەوخۆ نهێنی، بێ ئەوەی جێگەی سەرنج بێت، چونێتی بۆچوون و مەیلی خەڵکی بکات. بینیمان کە مارکس خۆی ئەوەندە قەناعەتی بەم پێویســتییە هەیە، کە پێی وابوو دەبێ هەموو ناوچەکانی نێونەتەوەیی و لە ســەرووی هەموویانەوە ئیتالیا و فەرەنســا و ئیســپانیا بە پیاوە نهێنییەکانی پڕ بکاتەوە. لە کۆتاییدا، هەرچەندە ئەمە تەواو (کامڵ) بێت، لە ڕوانگەی پاراستنی دەوڵەت و ڕێکخستنی پەروەردە و ئامۆژگاری خەڵك، لە سانسۆر و پۆلیس، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت لە بوونی خۆیدا مسۆگەری ئاسایشی بێت لە کاتێکدا کە هێزێکی چەکداری بەرگریی لە خۆی نییە دژ بە دوژمنەکانی لە ناوەوە. خودی دەوڵەت لە ســەرەوە بۆ خوارەوە حکومەتە لە ژمارەیەکی بێئەندازە لە پیاوان پێکدێت زۆر جیاوازن لە ڕوانگەی پلەی کولتوورییانەوە، سروشتی ئەو وڵاتانە یان ناوچەکانی کە تێیدا نیشتەجێن، ئەو کارو پلەیەی کە بەدوایەوەن، بەرژەوەندییەکان و ئیلهامەکانیان، ئەمانەیە کە ئەوان ئاراســتە دەکات. دەوڵەت حکومەتی هەموو ئەمانەیە بە هەندێك کەمینەی تریشەوە، ئەم کەمینەیەش، تەنانەت ئەگەر هەزار جار بە مافی دەنگدانی گشــتگیر هەڵبژێردرابێت و لە کردەوەکانیدا لەلایەن دامەزراوە جەماوەرییەکانەوە کۆنترۆڵکرابێت، مەگەر ئەو هەموو زانســتە ڕەهایە و هەموو بوونی تەواو و هەموو توانا ڕەهاییەکان کە ئیلاهیناســەکان دەیگێڕنەوە بۆ خودا پێی بەخشــرابێت، مەحاڵە بتوانێت و پێشــبینی لە پێداویســتییەکان بکات، یان بە

دادپەروەرییەکی یەکســـــان ڕەواترین و زەقترین بەرژەوەندییەکانی جیهان تێر بکات. هەمیشە کەسانێك ناڕازی دەبن چونکە هەمیشە هەندێك دەبنە قوربانی.

ســـەرەڕای ئەوەش دەوڵەت وەک کەنیســـە بە ســـروشـــتی خۆی قوربانییەکی گەورەیە لە بوونەوەرە زیندووەکان. بوونێکی ئارەزوومەندانە و خاوەن دەسەڵاتە و کار بۆ خۆی دەکات، کە لە دڵیدا هەموو بەرژەوەندییە ئەرێنی و زیندوو و تاکەکەســـی و ناوخۆییەکانی دانیشـــتووان کۆدەبنەوە، بەریەکدەکەون، یەکتر لەناودەبەن، خۆیان لەو ئەبستراکتەدا نوقم دەکەن کە پێی دەوترێت بەرژەوەندی هاوبەش، بەرژەوەندی گشتیی، خێری گشتیی، ئاسایشیی گشتیی، کە لەوێدا، لە دەوڵەتدا، ئیرادە ڕاستەقینەکان یەکتر هەڵدەوەشێننەوە لەو ئەبستراکتەی دیکەدا کە ناوی گوایە ئیرادەی خەڵك بەخۆوە دەگرێت. بەرەنجامی ئەمەش کە پێی دەوترێت ئیرادەی خەڵك هەرگیز شـــتێك نییە جگە لە قوربـــانیبوون و نەفیکردنەوەی ئیرادەی ڕاســـتەقینەی جەمـــاوەر هەر وەك چۆن ئەوەی پێی دەوترێت بەرژەوندی گشتی شتێك نییە جگە لە قوربانیدان بە بەرژەوندییەکانیان بەڵام بۆ ئەوەی ئەم فکرە موجەڕەدا لووشی هەموو شت بدات و بتوانێت خۆی بەسەر ملیۆنان مرۆڤدا بسەپێنێت، دەبێت لەلایەن هەندێك بوونەوەری ڕاستەقینە، لەلایەن هەندێک هێزی زیندوو یان ئەوی دیکەوە نوێنەرایەتی و پشـــتگیری بکرێت. کەواتە ئەم بوونەوەرە، ئەم هێزە، هەمیشـــە بوونی هەبووە کە لە کەنیســـەدا پێی دەوترێت پیاوانی دینیی، لە دەوڵەتیشـــدا- چینی دەســـەڵاتدار یان حوکمڕان.

ئەمە ئاوایە، لە ڕاســتیدا بە درێژایی مێژوو چی دەدۆزینەوە؟ دەوڵەت هەمیشـــە میراتی هەندێك چینی ئیمتیازدار یان چینێکی دیکە بووە؛ چینێکی قەشـــەیی و

چینێکی ئەرســـتۆکراتی، چینێکی بۆرژوازی، پاشـــانیش چینێکی بیرۆکراتی، کاتێك کە هەموو چینەکانی دیکە ماندوو دەبن، دەوڵەت دەکەوێت یان پایەدارتر دەبێت، وەك تۆ دەتەوێت بۆ دۆخی ئـامێرێك؛ بەڵام بۆ ڕزگـاربوونی دەوڵەت بەرەهایی پێویســـتە کە هەندێك چینی ئیمتیـازدار یـان چینێکی دیکە هەبن کە ئارەزووی بوونی دەوڵەتیان هەبێت. هەر ئاواش ڕێک بەرژەوەندی یەکگرتووی ئەم چینە ئیمتیازدارەیە کە پێی دەوترێت نیشتمانپەروەریی.

دەوڵەت بە دوورخستنەوەی زۆرینەی رەها ڕەگەزی مرۆڤ لە باوەشـی خۆی، بە بەدەرنانیان لە بازنەی پابەندی ئەرکە ئەخلاقییەکانی و دادپەروەری و ماف، نکوڵی مرۆڤایەتی دەکات بەوەی کە ئەرکێکی فەرمییە بە خەڕۆی ئەو وشـــە گەورەیە: "نیشـــتمـانپەروەری" نـادادپەروەری و دڕنـدەیی لەســـەر هەموو ڕەعیەتەکانی وەک ئەرکێکی باڵا دەســـەپێنێت. بەو شـــێوەیە دەوڵەت پابەندیان دەکات، دەیانشـــێوێنێت، مرۆڤایەتییان تێدا دەکوژێت، بەجۆرێك کە بە وازهێنان لە مرۆڤبوونیان، لەو بارەدا چیتر هیچ نین جگە لە هاووڵاتی- یان ڕاستتر بڵێین، بە شـــێوەیەکی دروســـتتر لە پێوەندی لەگەڵ یەك لە دوای یەکبوونی مێژوویی ڕاســتییەکاندا لەبەرچاو بگیرێن- بۆ ئەوەی هەرگیز پلەیان لە دەرەوەی ئاســتی هاووڵاتیی بەرز نەبنەوە بۆ ئاستی مرۆڤ.

ئەگەر ئێمە وەهمی دەوڵەتێکی ئـازاد قبوڵ بکەین کە لە گرێبەســـتێکی کۆمەڵایەتییەوە ســـەرچاوەی گرتووە، ئەوا خەڵکی تێگەیشـــتوو و دادپەروەر و وریا، نابێت چیتر پێویســـتیان بە حکومەت و دەوڵەت هەبێت. ئەم خەڵکە تەنها دەیەوێت بژێت و پێویستی بە ژیان بێت، ئازادانە بوار بەغەریزەکانیان بدرێت: دادپەروەری و ڕێکوپێکی گشتی بە شێوەیەکی سروشتی و ئارەزوومەندانە لە

ژیانی خودی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرن، لەو بارەشدا دەوڵەت دەوەستێت لە ئیدارەدان و ئامۆژگاری و پەروەردەکاری و هەروەها دەستبەرداربوون لە هەموو دەسەڵاتی سەرکوتکەری خۆی و کەوتنە ژێر ئەو ڕۆڵە ژێردەستەی کە جۆزیف پرۆدۆن پێی دەسپێرێت، چیتر جگە لە ئۆفیسێکی مامەڵە و بازرگانی سادە یاخود جۆرێک لە ناوەندی پاککردنەوەی ماڵ لە خزمەت کۆمەڵگادا، هیچی تر نابێت.

گومان هەیە کە ڕێکخراوێکی سیاسیی لەو شێوەیە، یان دروستتر دامەزراوی کەمکەرەوەی چالاکی سیاسی لە ئارەزوی ئازادیی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، سوودێکی گەورەی دەبێت بۆ کۆمەڵگە، بە هیچ شێوەیەکیش لایەنگرانی دڵسۆزی دەوڵەت دڵخۆش ناکات. ئەوان بە ڕەهایی دەیانەوێت دەبێت دەوڵەتێکیان هەبێت- پارێزەریان بێت، دەوڵەتێک کە ژیانی کۆمەڵایەتی ئاراستە بکات، دادپەروەری دابەش بکات و نیزامی گشتی بەڕێوە ببات. ئیتر ئەوان هەتا دان بەوەدا بنێن یان نا، تەنانەت کاتێك بەخۆیان دەڵێن کۆماریی، دیموکرات، یان تەنانەت سۆسیالیستیش، هەمیشە دەبێت خەڵکێکیان هەبێت کە کەم تا زۆر نەزان و بێ ئەرزش و بێتوانا بن، یاخود نەتوانن شتەکان بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە ناو ببەن، خەڵکانێکی ناگرنگ بێ کەڵك، بۆ حوکمڕانیکردنیان، بێ گومان تاکو بتوانن باشترین پێگە بۆ خۆیان دابین بکەن بە بێ ئەنجامدانی توندوتیژی و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانیان، بەو خاکەڕاییەی خۆیانەوە، بتوانن چاکترین شوێنەکان بۆ خۆیان بهێڵنەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە دەرفەتیان هەبێت گوایە بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکەن هەروەها نیشاندانی بەهێزی و خۆتەرخانکردنی خۆیان. هەر ئاواش بە هۆی زیرەکییە ناوازەکەیان

و ڕۆشـنبیرییان، ئیمتیازی پاسـەوانی ڕەشـە خەڵکەکە دەگرنە ئەسـتۆ، بەڵام لە ڕاسـتیدا هانیان دەدەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەمەش بەرەو ئاسـایش دەڕوات، کە ڕەنگە ئەوانیش تۆزێك سوودمەندبن.

هەموو تیۆرێکی لۆژیکی و دڵسـۆزی دەوڵەت لە بنەڕەتدا لەسـەر بنەمای دەسـەڵات دۆزراوەتەوە واتە لەسـەر ئەو بیرۆکە تیۆلۆژی و میتافیزیکی و سیاسییە دیارەی کە پێیوایە جەماوەر هەرگیز توانای بەڕێوەبردنی خۆی نییە، دەبێت لە هەموو کاتێکدا ملکەچی نیلەی ئاوەزمەند و دادپەروەرێك بێت، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە سـەرەوە بەسـەریاندا دەسـەپێنرێت. بەڵام بە ناوی چی و بە ناوی کێوە سەپێنراوە؟ ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن جەماوەرەوە دانی پێدانراوە و ناسـراوە و ڕێزی لێدەگیرێت، دەتوانێت تەنیا سـێ سـەرچاوەی ئەگەریی هەبێت – هێز، ئایین، یان چالاکی زیرەکییەکی باڵا؛ و ئەم زیرەکییە باڵایە هەمیشە لەلایەن کەمینەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت.

کۆیلایەتی دەتوانێت فۆرمەکەی و ناوەکەی بگۆڕێت، بەڵام بنەماکەی وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەم بنەمایانەش بەم وشانە دەربڕدراون: کۆیلەبوون ناچارکردنە بەکارکردن بۆ کەسانی دیکە- وەك کەسانی سەروەر و باڵادەست کە لە ژیانکردنیاندا لەسەر کاری مرۆڤەکانی دیکە دەژین. لە سەردەمی کۆندا، وەك ئەمڕۆ لە ئاسیا و ئەفریقا، بە سادەیی بە کۆیلە ناودەبرا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوی "خزمەتکار"یان پێداون، ئەمڕۆ پێیان دەوترێت "مووچەخۆر" کە زیاتر کۆیلەن، بەڵام زۆر یا کەم بەهۆی برسێتی و هەروەها لەلایەن دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە ناچار کراون کە بە کاری زۆر قورس بە ڕەهایی یان ڕێژەیی، تەمەڵیی ئەوانی دیکە بپارێزن. بەرەنجامەکەی کۆیلایەتییە و کۆیلەن،

بەگشتی، هیچ دەوڵەتێك، چ کۆن و هی سەردەمی چەرخەکانی پێشوو بێت یاخود مۆدێرن، هەرگیز نەیتوانیوە و هەرگیزیش ناتوانێت بەبێ زۆرەملێی کاری کرێگرتەی جەماوەر بوونی هەبێت، ئیدی چ مووچەخۆر بێت یاخود کۆیلە، وەک بنەمایەکی سەرەکی و ڕەهای پێویستی ئازادیی و کولتوری چینی سیاسی: کە هاووڵاتین.

تەنانەت ئەمریکاش لەم یاسایە بێبەری نییە. خۆشگوزەرانی سەرسوڕهێنەر و پێشکەوتنی بەشێکی زۆری و لە سەرووی هەمووشیانەوە دەگەڕێتەوە بۆ یەك سوودی گرنگ – سامانی گەورەی خاکی ئەمریکای باکوور. ئەو برە زەوییە زەبەلاحە نەچێنراو و بەپیتانە، هەموو بەیەکەوە لەگەڵ ئازادییەکی سیاسی کە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا بوونی نییە، ساڵانە سەدان هەزار کۆلۆنیالیستی وزەبەخش و چەوساوە و زیرەك بۆ خۆی ڕادەکێشێت. ئەم سامانە، لە هەمان کاتدا هەژاری دەپارێزێت و ئەو ساتە دوادەخات کە دەبێت پرسیاری کۆمەڵایەتی بخرێتە ڕوو. کرێکارێك کە کار نادۆزێتەوە یان ناڕازی بێت لەو کرێیەی کە سەرمایەدار دەیداتێ، هەمیشە ئەگەر پێویست بکات، دەتوانێت کۆچ بکات بۆ ڕۆژئاوای دوور بۆ ئەوەی لەوێ هەندێك زەوی بێ خاوەن و بێ داگیرکراو پاك بکاتەوە.

ئەم گریمانە هەمیشـــە بە کراوەیی دەمێنێتەوە وەك دوا پەنـاگەیەك بۆ هەموو کرێکارانی ئەمریکی، بە شـێوەیەکی سـروشـتی کرێ لە ئاسـتێکدا دەهێڵێتەوە و ســـەربەخۆیی بە هەموو تاکێك دەبەخشـــێت، کە لە ئەوروپادا نابینرێت. ئەمە لایەنێکی بەســـوودی ژیـانە، بەڵام هـاوکـاتیش عەیبـدارە بەو پێیەی هەرزانیی بەرهەمەکانی پیشـــەســـازی بەشـــێکی زۆری بەهۆی هەرزانی هێزی کارەوە بەدەســت دێت، کە بەرهەمهێنەرانی ئەمریکی لە زۆربەی کاتەکاندا لە دۆخێکدا

نین کە بتوانن ڕکابەری بەرهەمهێنەرانی ئەوروپا بکەن – کە ئەنجامی ئەمەش بۆ پیشەسازی ویلایەتەکانی ئەمریکای باکور پێویستی بە گومرگێکی پێشبینیکراوە. بەڵام ئەوە دەرئەنجامی هەیە، یەکەمیان دروستکردنی کۆمەڵێك پیشەسازی دەستکرد و لە سەرووی هەمووشیانەوە سەرکوتکردن و تێکدانی بەرهەمی ویلایەتە ناپیشەسازییەکانی باشوور و ناچارکردنیان بە تەریکبوون تا ڕادەی کشانەوە. لە کۆتایشدا کۆبونەوەیان لە شارەکانی وەك نیویۆرك، فیلادلفیا، بۆستن و چەندانی تر، ئەمانە وەکو جەماوەری پرۆلیتاری کە وردە وردە خۆیان دەگرنەوە و لە دۆخێکی هاوشێوەی کرێکارانی بەرهەمهێنانی گەورەی دەوڵەتانی ئەوروپادا خۆیان دەدۆزنەوە. لە ڕاستیدا ئێمە دەبینین ئەو پرسە کۆمەڵایەتییە لە ئێستادا لە ویلایەتییەکانی باکووردا دەخرێتەڕوو، کە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر لە وڵاتانی ئێمە هاتە ئاراوە.

بەو شێوەیە لەوێش خۆبەڕێوەبەری جەماوەر، سەرەڕای هەموو نمایشکردنی تواناکانی خەڵك، زۆربەی کاتەکان لە دۆخێکی خەیاڵیدا دەمێنێتەوە. لە واقیعدا ئەوە کەمینەکانن کە حوکمڕانی دەکەن. ئەوەی پێیدەوترێت پارتی دیمۆکرات، تا سەردەمی شەڕی ناوخۆ بۆ ڕزگارکردنی کۆیلەکان لایەنگری بەهێزی کۆیلایەتی و دڕندەیی توێژاڵی ئۆلیگارکی دژە تۆوچێنەکان/ زاریعەکان بوون، دیماگۆگێکی بێ ئیمان و ویژدان، توانای ئەوەیان هەبوو هەموو شتێك بکەنە قوربانی تەماحەکەیان و تەماحی خراپەکاران، و کە بە کاریگەری و کردەوە قێزەوەنەکانیان، تا ڕادەیەك بێ بەربەستێك بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ بە بەردەوامی، ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە تێکدانی ئەخلاقی سیاسی ئەمریکای باکوور.

پارتی کۆماریی، ئەگەر چی بەڕاستی زیرەك و بەخشندەیە، بەڵام هێشتا و هەمیشە کەمینەیە و هەرچی سادقییەتیی ئەم پارتەیە سەبارەت ڕزگاریی و چەندێك بانگەشەی گەورەیی و بەخشندەیی پرەنسیپەکانی دەکات، نابێت هیوامان پێیان بێت، لە دەسەڵاتدا دەستبەرداری ئەوانە دەبێت وەکو پێگەی تایبەتی کەمینەیەکی حوکمڕان بۆ تێکەڵبوون بە جەماوەری میللەت دەیکات. ئەمە ئاوا دەبێت هەتا ئەو کاتەی خۆبەڕێوەبەریی خەڵک دەبێتە واقیع. هەر لەبەرئەمەش شۆڕشێکی زۆر قووڵتر لە هەموو ئەوانەی کە تا ئێستا جیهانی کۆن و نوێیان هەژاندووە، پێویست دەبێت.

لە سویسرا سەرەڕای ئەو هەموو شۆڕشە دیموکراسیانەی لەوێ ڕوویانداوە، هێشتا هەمیشە چینی بورژوازی لە هەلومەرجێکی ئاسوودەدا واتە ئەو چینەی کە بە سامان و بەسەربردنی کاتی خۆش و پەروەردە ئیمتیازیان پێدراوە حوکمڕانی دەکات. باڵادەستی خەڵك وشەیەکە، بەهەر حاڵ بێزراوە لای ئێمە چونکە لە دیدی ئێمەدا هەموو باڵادەستییەك قێزەوەندە و حوکمڕانی خەڵکیش لە لایەن خۆیەوە خەیاڵە. باڵادەستی خەڵك تەنها لە یاسادایە نەك لە واقیعدا، بە زەرووره لە کاری ڕۆژانەیاندا غەرق بوون کە هیچ کات خۆشبەسەربردنێکی بۆ ناهێڵێتەوە و ئەگەر بە تەواوی نەزان نەبێت، لانیکەم لە بواری پەروەردەدا زۆر کەمترە لە بۆرژوازی، بەناچاری دەکەونە ژێردەستی دووهەمەوە ( بورژوازیی) ئەوەی کە پێیدەوترێت باڵادەستیی. تاکە سوودێك کە لە سویسرادا دەیبینن، وەك لە ئەمریکادا، ئەوەیە کە کەمینە تەماحکارەکان، چینە سیاسییەکان، ناتوانن دەستیان بە دەوڵەت بگات جگە لە مافی پێدانی یاسا و دادگا بە خەڵك، ڕازیکردنی دەربڕینی سۆزیان، کە ڕەنگە هەندێکجار زۆر خراپ و فریودەریان بێت.

ڕاســــتە کە ناتەواوترین کۆماریی هەزار جار لە ڕۆشـــنگەرترین پاشــــایەتی باشـــترە، چونکە لانیکەم لەژێر دەســــەڵاتی کۆمارییدا چەند چرکەیەکی بێ چەوســــاندنەوە هەیە، خەڵک ســــەرکوت ناکرێن، لەکاتێکدا لە پاشــــایەتیەکاندا هەرگیز هیچ شــــتێکی تر نین. دوای ئەمەش ڕژێمی دیموکراســــی وردە وردە جەماوەر لە ژیانی گشتیدا ڕادەهێنێت کە دەسەڵاتی پاشایەتی هەرگیز نایکات.
بەڵام لە کاتێکدا کە فەزڵی دەســــەڵاتی کۆماریی بەســــەر پاشــــایەتییدا دەدەین، ســــەرەڕای ئەوەش زۆر یا کەم ناچارین دان بەوەدا بنێین و ڕاییگەیەنین کە فۆڕمی حکومەت ڕەنگە هەرچییەك بێت، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی مرۆیی بەهۆی نایەکســانی بۆماوەیی پیشــە و ســامان و پەروەردە و ئیمتیازاتەوە بەســەر چینە جیاوازەکاندا بە دابەشــــبوویی دەمێنێتەوە، ئەو حکومەتە هەمیشـــــە حکومەتی کەمینەکان دەبێت و چەوساندنەوەی حەتمی زۆرینە لەلایەن ئەو کەمینەیەوەیە.

دەوڵەت هیچی تر نییە جگە لەم پاوانکردن و ئیستغلالکردنەی کە ڕێکخراوە و سیستماتیك کراوە. ئێمە هەوڵ دەدەین بە پشـکنینی دەرئەنجامەکانی حکومەتی جەماوەری خەڵك لەلایەن کەمینەیەکەوە، سەرەتا بەو جۆرە زیرەك و دڵسۆزانەیە کە ئێوە حەزتان لێیە، لە دەوڵەتێکی نموونەییدا، کە لەســـەر گرێبەســتێکی ئازاد دامەزراوە، بخەینەڕوو.

گریمان حکومەت تەنها لە باشـترینی هاوڵاتیان پێکدێت. ســەرەتا ئەم هاوڵاتیانە نەك بە ماف و مافداریی، بەڵکو بە ڕاستی ئیمتیازیان پێدەدرێت. ئەوان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوون لەبەرئەوەی زیرەکترین و ڕۆشـنبیرترین و ژیرترین و بوێرترین و دڵســــۆزترینن. لە جەمــاوەرەوە هــاوڵاتیــان وەرگیراون، کە هەموویان وەك یەکســـان ســـەیر دەکرێن، هێشـــتا چینێکی جیاواز پێك ناهێنن،

بەڵکو کۆمەڵێك کەس کە تەنها بە ســـروشـــتی ئیمتیازیان پێدراوە و هەر بەو هۆیەشـــەوە لەلایەن خەڵکەوە دەرکەوتوون و هەڵبژێردراون. ژمـارەیـان بەگوێرەیی پێویسـت زۆر سـنووردارە، چونکە لە هەموو سـەردەم و وڵاتانێکدا ژمارەی ئەو پیاوانەی بە سـیفەتێکی هێندە سـەرنجڕاکێش دەرکەوتوون کە بە شـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕێزگرتنی یەکدەنگی نەتەوەیەك ڕابەری دەکەن، وەک ئەزموون فێرمـان دەکـات، زۆر کەمن. بۆیە لە ژێر ئـازاری هەڵبژاردنی خەڵکانی خراپدا، خەڵك هەمیشـــە ناچار دەبێت حوکمڕانانی خۆی لەنێو ئەواندا هەڵبژێرێت.

کەواتە لێرەدا کۆمەڵگە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە، ئەگەر هێشتا نەڵێین دوو چین، کە یەکێکیان کە لە زۆرینەی بێئەندازەی هاووڵاتیان پێکهاتووە، ئازادانە ملکەچی حکومەتی ســـەرکردە هەڵبژێردراوەکانی دەبێت، ئەوی دیکەیـان لە ژمارەیەکی کەم پێکهاتووە بە سروشتی ئیمتیازدار بوون، کە لەلایەن خەڵکەوە بەو شـــێوەیە ناســـراون و پەســـەند کراون و لەلایەنیانەوە ئەرکیان پێدراوە بۆ بەڕێوەبردنیان. بەپێی هەڵبژاردنی جەماوەریانە، سـەرەتا تەنها بەو سیفەتانە لە جەماوەری هاوڵاتیان جیا دەکرێنەوە کە پێشـــنیاریان کردووە بۆ هەڵبژاردنی خۆیان و بە سروشتی خۆیان لە هەموویان دڵسۆزترین و بەسوودترینن. هێشتا هیچ ئیمتیازێك و مافێکی تایبەتی بۆ خۆیان وەرناگرن، تەنها ئەوە نەبێت کە تا ئەو ڕادەیەی خەڵك ئارەزووی دەکەن، کە ئەو ئەرکە تایبەتانە جێبەجێبکەن کە پێیـان ســـپێردراوە. بۆ ئەوانی تر، بە پێی شـــێوازی ژیـانیـان، بە گوێرەی بارودۆخەکانی هۆکارەکانی بوونیان، بە هیچ شێوەیەك خۆیان لە هەموو ئەوانی تر جیا ناکەنەوە، بەو شێوەیە یەکسانییەکی تەواو لە نێوان هەمووان‌دا باڵ بەسەر هەمواندا ڕادەکێشـــێت. ئـایا دەتوانرێت ئەم یەکســـانییە بۆ ماوەیەکی درێژ

بپارێزرێت؟ ئێمە بانگەشـــەی ئەوە دەکەین کە ناتوانێت و هیچ شـــتێک لەوە ئاسانتر نییە بۆ سەلماندنی.

هیچ شـــتێك لە خووی فەرمانکردن مەترســـیدارتر نییە بۆ ئەخلاقی تایبەتی مرۆڤ .باشترین پیاو، زیرەکترین، نابەرژەوەنیخواز، بەخشندە، پاك، بێ هەڵە، هەمیشە لەم پیشەیەدا تێکدەچێت و دەگۆڕێت. دوو هەستی سروشتی دەسەڵات هەرگیز شکست ناهێنن لە بەرهەمهێنانی ئەم بێ مۆڕاڵکردنەدا؛ ئەوانیش بریتین لە: سووکایەتیکردن بە جەماوەر و زیادەڕۆیی لە توانای خودی مرۆڤەکە خۆیدا.

پیاوەکە لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "جەماوەر بە داننان بە بێتوانایی خۆیان بۆ حوکمڕانی لەبری خۆیان منیان بە ســـەرۆکایەتی خۆیان هەڵبژاردووە. بەو کارەیان بە ئاشکرا بەکەمگرتنی خۆیان و باڵادەستی منیان ڕاگەیاندووە. لە نێو ئەم جەماوەرە پیاوانەدا، بەزەحمەت دانیان بە هیچ کەسێکدا ناوە کە یەکسانە بە من، من ئەوەم کە بە تەنیا توانای ئاراســـتەکردنی، بەڕێوەبردنی کاروباری گشـــتیم هەیە، خەڵــک پێویســـتییان بە من هەیە؛ ئەوان نـاتوانن بەبێ خزمەتگوزارییەکان بژین، لە کاتێکدا من بە پێچەوانەوە دەتوانم هەر بە خۆم تەدبیری ئەوانە بکەم. بۆیە ئەوان دەبێت گوێڕایەڵی من بن بۆ ئاسایشی خۆیان، و بە تەنازولکردن بۆ فەرمانپێکردنیان، من وەرچەرخانێکی باشیان بۆ دەکەم."

ئایا ئەمانە هەموویان مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ ئاوەز و دڵی خۆیشی لەدەست دەدات و شێتی شانازیکردن بە خۆیەوە بێت؟ بەم شێوەیە دەسەڵات و خووی فەرمانڕەوایی تەنانەت بۆ زیرەکترین و فەزیلەتدارترین پیاوەکانیش دەبنە سەرچاوەی لادان، چ فیکری و چ ئەخلاقی.

بەڵام لە 'دەوڵەتی گەلیی' مارکسـدا، پێمان دەوترێت، هیچ چینێکی ئیمتیازدار بە هیچ شێوەیەك نابێت. هەمووان یەکسان دەبن، نەك تەنها لە ڕوانگەی یاسایی و سیاسییەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی ئابوورییشـەوە. لانی کەم ئەوە ئەو بەڵێنەیە کە دراوە، هەرچەنـدە من زۆر بەگومـانم لێی، بە لەبەرچـاوگرتنی شــێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا و ئەو ڕێبازەی کە خوازراوە پەیڕەوی لێبکرێت، ئایا ئەو بەڵێنە هەرگیز دەتوانرێـت جێبەجێ بکرێـت؟ کە گوایە چی تر هیچ چینێکی ئیمتیازدار نامێنێت، بەڵام حکومەتێك دەبێت، و ئەمەش بە باشـی سـەرنج بدەن، حکومەتێکی زۆر ئاڵۆز، کە خۆی بە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی جەماوەر هەر لە ڕووی سـیاسـییەوە ڕازی نابێت، وەك ئەوەی ئەمڕۆ هەموو حکومەتەکان دەیکەن، بەڵکو هەروەهـا کە لە ڕووی ئـابوورییشـەوە بەڕێوەیـان دەبـات، چڕکردنەوەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامان، چـانـدنی زەوی، دامەزرانـدنی و پەرەپێـدانی کـارگەکـان، ڕێکخسـتن و ئاراسـتەکردنی بازرگانیی، دواجار بەکارهێنانی سـەرمایە بۆ بەرهەمهێنان لەلایەن تەنها بانکدارێك، دەوڵەت. هەموو ئەوانە داوای زانیارییەکی بێئەندازە و چەندین "کەلەی پڕ لە مێشك" لەم حکومەتە دەکەن. ئەم حکومەتە حکومەتی سـەردەمی زیرەکی زانسـتی دەبێت، ئەرسـتۆکراتترین و سـتەمکارترین و خۆبەزلزانترین و بێڕێزیترین دەسـەڵات لە هەموو ڕژێمەکان دەبێت. چینێکی نوێ و پلەبەندییەکی نوێی زانا و زانای ڕاسـتەقینە و خۆنمایشـکەر دەبێت و جیهان دابەش دەبێت بەسەر یەك، کەمینەیەکدا کە بەناوی مەعریفەوە حوکمڕانی دەکات و زۆرینەیەکی نەزانی بێئەندازە ئابەمشـیوەیە، ئیتر وەیل بۆ جەماوەری نەزان!

ڕژێمێکی لەو شـــێوەیە نـاتوانێت خۆی لە بێزاری و نـاڕەزایی جەمـاوەر و وروژانـدن بپـارێزێـت ، بۆ ئەوەی لە ژێر کۆنترۆڵـدا بمێنێتەوە حکومەتی ڕۆشـــنگەری و ڕزگارکەری مارکس پێویســـتی بە هێزێکی چەکداری کەمتر نـابێت چونکە حکومەت دەبێت بەهێز بێت، ئەنگڵس دەڵێت، بۆ ئەوەی نیزام و ڕێکوپێکی لە نێوان ئەم ملیۆنەهـا نەخوێنـدەوارەدا بپـارێزرێـت کە ڕاپەڕینی دڕندانەیان توانای لەناوبردن و ڕووخاندنی هەموو شـــتێکیان دەبێت، تەنانەت حکومەتێک کە کەلەی/ سەری پڕ لە مێشک ئاراستەی بکات.

ئێوە بە باشـــی دەتوانن ببینن کە لە پشـــت ئەو هەموو دەســـتەواژە و بەڵێنە دیموکراسی و سۆسیالیستیانەی بەرنامەکەی مارکسەوە لە دەوڵەتەکەیدا هەموو ئەو شـتانە دەدۆزرێتەوە کە سـروشـتی دیکتاتۆرییەتی و دڕندەیی ڕاسـتەقینەی هەموو دەوڵەتەکان پێکدەهێنن، هەرچی فۆرمی حکومەتەکەیان بێت ئەویش لە ڕێنمایی کۆتاییدا، کە دەوڵەتی گەل-ە کە مارکس ئەوەندە بە توندی دەستخۆشـی لێ دەکات و دەوڵەتی ئەرسـتۆکراتی- پاشـــایەتی کە زیرەکانە وەك دەســـەڵات لەلایەن بیســـمارکەوە پارێزگاری لێدەکرێت، بە ســـروشـــتیی ئامانجەکانیان لە ناوخۆ و هەروەها لە کاروباری دەرەوەشـدا بە تەواوی یەکسـانن. لە کاروباری دەرەوەدا هەمان جێگیرکردنی هێزی ســـەربازییە واتە داگیرکردن، فەتحکردن، لە کـاروبـاری نـاوخۆشـــدا هەمـان دامەزرانـدنی ئەم هێزە چەکدارەیە، کە دوا جەدەلی هەموو دەســـەڵاتە ســـیاســـییە مەترســـیدارەکانە بەرامبەر جەماوەر، کە ماندوو و بێزارن لە باوەڕبوون و هیوا و ملکەچبوون و گوێڕایەڵی هەمیشە، کە لە ڕاپەڕیندا بەرەنگاری دەبنەوە.

بیرۆکەی کۆمۆنیستی مارکس لە هەموو نووسینەکانیدا دێتە بەرچاو؛ هەروەها لە پێشنیازەکانی ئەنجومەنی گشتی کۆمەڵەی کرێکارانی نێودەوڵەتیدا دەردەکەوێت کە لە لەندەن و هەروەها لە کۆنگرەی بازل لەساڵی 1869دا پێشکەشی کردووە، لەو پێشنیارانەدا کە بەنیازی ئەوە بووە بیخاتە بەردەم کۆنگرە کە بڕیار بوو لە مانگی ئەیلولی ساڵی 870 دا بگیرێت بەڵام بەهۆی شەڕی فەرەنسا و ئەڵمانیاوە پێویستبوو کۆنگرەکە ڕابگیرێت. مارکس وەك ئەندامێکی ئەنجوومەنی گشتی لە لەندەن و وەك سکرتێری پەیوەندیدار بۆ سۆشیالیستەکانی ئەڵمانیا، لەم ئەنجوومەنەدا، وەك دەزانرێت، هەژموونێکی گەورەی هەیە و دەبێت پێشنیارەکانی دانی پێدابنرێت، ئەوەش ڕەوایی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت دڵنیابێت کە پێشنیارەکان لە لایەن ئەنجوومەنەوە خراوەتە بەردەم کۆنگرە، چەند دانەیەکیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە سیستەم و هاوکاری مارکسەوە وەرگیراون. هەر بەم شێوەیە بوو کە هاوڵاتی ئینگلیز لوکرافت، Lucraft ، کە ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بوو، لە کۆنگرەی بازلدا ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو کە هەموو زەوییەك لە وڵاتێکدا دەبێت ببێتە موڵکی دەوڵەت و کێڵان و چاندنی ئەم زەوییە دەبێت "کە تەنها لە دەوڵەتێکی دیموکراسی و سۆسیالیستیدا دەکرێت، کە تێیدا خەڵک دەبێت بە وردی چاودێری بەڕێوەبردنی باشی زەوی نیشتمانی بکەن لەلایەن دەوڵەتەوە"

ئەمە پەرستنی دەوڵەتە بە گشتی تایبەتمەندی سەرەکی سۆسیالیزمی ئەڵمانییە . لاسال، (Lassalle ) گەورەترین وروژێنەری سۆسیالیستی و دامەزرێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی پراکتیکی لە ئەڵمانیاد لەمەدا غەرق بووە. هیچ دەروویەکی ڕزگاریی بۆ کرێکاران نەبینی جگە لە وەرگرتنی

دەســــەڵاتی دەوڵەت نەبێت؛ کە لەوێدا کرێکاران دەبێ بە گوتەی ئەو بە مافی دەنگدانی گشتگیر خاوەندارێتی بکەن.

## چوار: نێونەتەوەیی و دەوڵەت

با ســیاســەتی ڕاســتەقینە و نەتەوەیی خودی مارکس لەبەرچاو بگرین. مارکس وەك بیسمارك نیشتمانپەروەرێکی ئەڵمانییە. ئەو ئارەزووی گەورەیی و دەســەڵاتی ئەڵمانیا دەکات وەك دەوڵەت. بە هەرحاڵ کەس تاوانی ئەوە لەودا نابینێت کە وڵاتەکەی و خەڵکەکەی خۆشبوێت، لەو کاتەوەی ئەوەندە بە قووڵی قەناعەتی بەوە هەیە کە دەوڵەت مەرجی گەشــەکردنی یەکێك و ڕزگاری ئەوی دیکەیە، ئەوە ســروشــتییە کە ئارەزووی ئەوە بکات ئەڵمانیا لە دەوڵەتێکی زۆر گەورە و زۆر بەهێزدا ڕێکخراو بێت، بەو پێیەی دەوڵەتە لاواز و بچووکەکان هەمیشــە مەترســی ئەوەیان لەســەرە کە قوت بدرێن. لە ئەنجامدا مارکس وەك نیشــتمانپەروەرێکی ڕوون و بەئەمەك، دەبێت گەورەیی و بەهێزی ئەڵمانیا وەك دەوڵەت بە ئاوات بخوازێت.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە مارکس ســۆســیالیســتێکی بەناوبانگە و لەوەش زیاتر یەکێکە لە دەســتپێشــخەرە ســەرەکییەکانی نێونەتەوەیی. تەنیا بە کارکردن بۆ ڕزگاری پرۆلیتاریای ئەڵمانیا ڕازی نییە؛ ئەو بە شــانازییەوە هەســت دەکات و بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە لە هەمان کاتدا کار بۆ ڕزگارکردنی پرۆلیتاریای هەموو وڵاتانی دیکە بکات؛ ئەنجامەکەش ئەوەیە مارکس خۆی لە ململانێیەکی تەواو لەگەڵ خۆیدا دەبینێتەوە. وەک نیشتمانپەروەرێکی ئەڵمانی، ئەو مەزنی و دەســەڵاتی دەوێــت، واتە زاڵێتی ( هەیمەنەی) ئەڵمــانیــا؛ هــاوکــاتیش وەك

سۆسیالیستێکی نێونەتەوەیی دەبێت ئامانجی ڕزگاری هەموو خەڵکانی جیهان بێت. ئەم ناکۆکییە چۆن دەتوانرێت چارەسەر بکرێت؟

تەنها یەك ڕێگا هەیە، ئەویش دوای ڕازیکردنی خۆی ڕاییگەیەنێت، بێگومان، ئەوەش مەزنترین دەسەڵاتی ئەڵمانیایە وەك دەوڵەت، مەرجێکی باڵای ڕزگاریکردنی هەموو جیهانە، کە سەرکەوتنی نەتەوەیی و سیاسیی ئەڵمانیایە کە سەرکەوتنی مرۆڤایەتییە و هەر هەموو ئەوەش پێچەوانەی هاتنی ئەم دەسەڵاتە گەورە نوێیەی دوژمنی مرۆڤایەتییە. ئەم قەناعەتەش هەر کە دروستدەبێت، نەك هەر ڕێگەپێدراوە، بەڵکو بە پیرۆزترین هۆکارەکان فەرمانی پێکراوە تاکو نێونەتەوەیی بە هەموو فیدراسیۆنەکانی وڵاتانی دیکەشەوە، وەك ئامرازێکی زۆر بەهێز، گونجاو، لە سەرووی هەمووشیانەوە، ئامرازێکی جەماوەرییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی پان- ئەڵمانی. ئەوە ڕێك ئەوەیە کە مارکس هەوڵ دەدات بیکات، ئەوەندەی بە وردبینییەکانی ئەو کۆنفرانسەی کە لە ساڵی 1871 لە لەندەن بانگهێشتی کرد، ئەوەندەش بە بڕیارنامەکانی هاوڕێ ئەڵمانی و فەرەنسییەکانی لە کۆنگرەی لاهای دەنگیان پێدا. ئەگەر باشیش سەرکەوتوو نەبووبێت، بە دڵنیاییەوە لەبەر نەبوونی هەوڵی زۆر گەورە و لێهاتوویی زۆر لەلایەن ئەوەوە نییە، بەڵکو ڕەنگە لەبەر ئەوەی ئەو بیرۆکە بنەڕەتییەی کە ئیلهامبەخشە بۆی هەڵەیە و بەدیهێنانی مەحاڵە.

مرۆڤ ناتوانێت هەڵەیەکی گەورەتر لەوە بکات کە داوای شتێك لە دامەزراوەیەك، یاخود لە مرۆڤێك بکات کە زیاتر لەوەی کە دەتوانێت بیدات. بە داوای زیاتر لێیان بێ ئیرادەیان دەکات و بێ ورەیان دەکات و ڕێگرییان لێدەکات و گەندەڵیان دەکات و دەیانکوژێت. نێونەتەوەیی لە ماوەیەکی کورتدا

ئەنجامێکی گەورەی بەدەستهێنا، پێشتر و ئێستاش ڕۆژانە بە شێوەیەکی گەورە، مەزن پڕۆلیتاریا بۆ خەباتی ئابووریی ڕێکیدەخات. ئایا ئەوە هۆیەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ هیوای پێبێت وەك ئامرازێك بۆ خەباتی سیاسی بەکاری بهێنێت؟ مارکس، چونکە وا بیری دەکردەوە، بە هەوڵە تاوانکارییەکەی لە لاهای زۆر نزیك بووەوە لە لەناوبردنی نێونەتەوەیی. ئەمە چیرۆکی قازەکەیە کە هێلکەی زێڕین دەکات. بە بانگەشەکردنی خەباتی ئابووریانە جەماوەری کرێکارانی وڵاتانی جیاواز بەپەلە ڕیزیان گرت بۆ ئەوەی بێنە ژێر ئاڵای نێونەتەوەیی و مارکسیش وای خەیاڵ دەکرد کە جەماوەر لە ژێر ئاڵاکەدا دەمێنێتەوە – من لەم بارەدا چی بڵێم؟- کە هێشتا زیاتر پەلە دەکەن و بە ژمارەی گەورەتر لەژێر ئاڵای نێونەتەوەییدا ڕیز دەگرن کاتێك کە موسای نوێ نەخشەی پرنسیپڵەکانی لەسەر ئاڵاکەمان لە بەرنامەی فەرمی و پابەندبوونی بە نێونەتەوەییەوە کێشاوە.

هەڵەکەی مارکس لەوێدایە. جەماوەر وێڕای پلەی جیاوازی کولتوور و بیروباوەڕی ئایینی و نیشتمان و زمانیان، لە زمانی نێونەتەوەیی تێگەیشتوون کە کاتێك باسی هەژاری و ئازار و کۆیلایەتییان لە ژێر نیڵەی ئاگری سەرمایەداری و ئیستغلالکردنی خاوەندارێتی تایبەتییان بۆ دەکرێت؛ ئەوان لەوە تێگەیشتن کاتێك کە ئەو پێویستی یەکخستنی هەوڵەکانیانی لە خەباتێکی گەورەی تۆکمە و هاوبەشدا پێنیشان دان. بەڵام لێرەدا باس لە بەرنامەیەکی سیاسی زۆر زانراو و لە سەرووی هەمووشیانەوە زۆر بەرنامەیەکی سیاسی دەسەڵاتخوازانەیان بۆ دەکرا کە بە ناوی ڕزگاری خۆیانەوە هەوڵی بۆ دەدرا، هەر لەو نێونەتەوەییەدا کە دەبێت بە هەوڵ و هێزی خۆیان ڕزگاری خۆیان بێننەدی، ئەو دەیویست حکومەتێکی دیکتاتۆری بەسەریاندا بسەپێنیت، بێ

گومان کاتیی، بەڵام لە هەمان کاتیشـــدا بە تەواوی نالۆژیکانە و ناپێویســـت لەلایەن مێشکانێکی ئاوەزداری نائاساییەوە ئاڕاستە دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت.

بەرنامەی مارکس بنەمایەکی تەواو لە دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانە کە بە توندی نێوەندگەرایی و زۆر تاکڕەوانە و دانپێدانراوە، گومان نییە وەك هەموو دامەزراوە ســـتەمکارەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن بە مافی دەنگدانی گشـــتگیر، لەگەڵ ئەوەشـــدا ملکەچبوون بۆ حکومەتێکی زۆر بەهێز. بە بەکارهێنانی خودی قسەکانی ئەنگڵس، ئیگۆی مەزنی مارکس، متمانەبوون بە یاسادانەران .

شێتێتی تا چ ڕادەیەك دەبێت تاکو مرۆڤ بەهۆی تەماحەوە، یاخود لەخۆباییبوون ( مەغروور) یەتەوە یاخود هەردووکیان لەیەك کاتدا ببزوێت بۆ ئەوەی توانای ئەوەی هەبووبێت بەو هیوایەی کە مرۆڤ بتوانێت جەماوەری کرێکاری وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا و ئەمریکا لە ژێر ئاڵای نێونەتەوەیی لە ئەم بارودۆخەدا کۆبکاتەوە!

دەوڵەتێکی گشـــتگیر/ جیهانیی، حکومەتێك، دیکتاتۆریەتێکە خەونەکەی پاپا گریگۆری حەوتەم و بۆنیفاسی هەشتەم و ئیمپراتۆر چارلی پێنجەم و ناپلیۆن کە خۆی لە ژێر فۆرمی نوێدا بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵام هەمیشـــە بە هەمان خۆنمایشکردن لە ئۆردوگای سۆسیالیستی دیموکراسیدا! ئایا کەسێك دەتوانێت شـــتێکی لەوە زیاتر بێ ماناتری لە خەیاڵدا بێت، هەروەها شـــێکی زیاتر وروژێنتر؟

قسـەی لەسـەر ئەوەی گروپێك لە تاكەكان، تەنانەت زیرەكترین و باشترین نیازداریش، توانای ئەوەیان هەیە ببنە فیكر، ڕۆح، ئیرادەی ڕێنوێنی و یەكگرتوویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ڕێكخستنی ئابووریی پرۆلیتاریا لە هەموو وڵاتاندا، ئاوەها دژوار یا ناكۆك دژی عەقڵی ساغ، و دژی ئەزموونی مێژوو، كە كەسێك بە سەرسوڕمانەوە لە خۆی دەپرسێت كە چۆن پیاوێكی زیرەك وەك ماركس دەیتوانی بیری لێبكاتەوە.

پاپاكان لانیكەم بە بیانوویەك ئەو ڕاستییە ڕەهایەیان لا هەبوو كە ئیدیعایان دەكرد نیعمەتی ڕۆحی پیرۆز لە دەستی ئەواندایە كە بە پشتی قودسییەتی ئیلهامی پیرۆز دەكرێت باوەڕیان پێی هەبێت. ماركس ئەم بیانوویەی نییە و منیش سووكایەتی پێ ناكەم بەو پێیەی كە باوەڕی وابێت لە ڕووی زانستییەوە شتێكی داهێناوە كە لە ڕاستی ڕەها نزیك دەبێتەوە. بەڵام لەو ساتەوەختەوە كە ڕەها بوونی نییە، ناتوانرێت هیچ دۆگمایەكی بێ هەڵە بۆ نێونەتەوەیی هەبێت، هەر ئاواش لە ئەنجامدا هیچ تیۆرێكی سیاسی و ئابووری فەرمی نابێت و كۆنگرەكانیشمان هەرگیز نابێت ئیدیعای ڕۆڵی ئەنجوومەنە گشتییەكانی كڵێسا بكەن تاكو بانگەشەی بنەما فەرزییەكان بۆ هەموو لایەنگران و باوەڕداران بكەن. لە بوونیاندا تەنها یەك یاسا هەیە كە بەڕاستی بۆ هەموو ئەندام و تاك و توێژاڵ و فیدراسیۆنەكانی ناو نێونەتەوەییدا واجبە، كە ئەم یاسایە بنەمای ڕاستەقینە و تاكە یاسا پێكدەهێنێت. ئەمە بە هەموو فراوانی و درێژبوونەوەیەكی، بە هەموو دەرئەنجام و بەكارهێنانەكانییەوە- هاودەنگی و هاوپشتی نێونەتەوەیی زەحمەتكێشانە لە هەموو پیشە و مامەڵەكانیاندا لە هەموو وڵاتاندا لە خەباتی ئابوورییان دژی چەوساندنەوەی كرێكاران. یەكێتی ڕاستەقینەی زیندوو لە ناخی ڕێكخستنی حەقیقی ئەم هاوپشتییەدایە، بە

ڕێکخســـتنی خۆڕســـکی جەماوەری زەحمەتکێش و لە لایەن ئازادیی ڕەهای فیدراســـیۆنەوە،بەگوێرەی ئەوەندەی کە دەتوانێت بەڕێژەیی ئازاد بێت بە قەدەر ئەوەی کە بەشـــێکە لە جەماوەری کرێکاری هەموو زمان و نەتەوەکان، نەك یەکگرتنیان بە فەرمان و لە ژێر فشـــار و زۆری هەر حکومەتێکدا هەرچییەك بێت، کە یەکێتی ڕاســـتەقینە و زیندووی نێونەتەویی لەوێدا نیشـــتەجێیە. کە لەم ڕێکخســـتنە بەرفراوانترەی هـــاوپشـــتی یـــاخیبووانی پرۆلیتـــاریـــا لە دژی چەوساندنەوەی بۆرژوازی، دەبێت خەباتی سیاسی پرۆلیتاریا دژی بۆرژوازی دەربکەوێت و لە ڕاســـتیدا ســـەرهەڵدەدات؛ کێ دەتوانێت گومان بکـات؟ مارکســـییەکان و ئێمە لەســـەر ئەم خاڵە یەکدەنگین. بەڵام لێرەدا یەکســـەر ئەو پرســـیارە خۆی دەخاتە ڕوو کە ئەوەندە بە قووڵی لە مارکســـییەکان جیامان دەکاتەوە.

ئێمە پێمان وایە کە سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا دەبێت بۆ دەستبەجێ و تەنیا نارەزایەتی خۆی لە لەناوبردنی دەوڵەتەکاندا بێت. ئێمە تێناگەین کە کەسێك دەتوانێت باســـی هاوپشـــتی نێونەتەوەیی بکات کاتێك دەیەوێت دەوڵەتەکان بهێڵێتەوە- مەگەر خەون بە دەوڵەتی گەردوونیەوە ببینێـت، واتە کۆیلایەتی جیهانی وەک ئیمپراتۆر و پاپا گەورەکان- دەوڵەت بە ســـروشـــتی خۆی بچڕانێکە، دابڕانێکە لەم هاوپشـــتیە و لە ئەنجامیشـــدا هۆکارێکی هەمیشـــەیی شـــەڕە. هەروەها تێناگەین کە چۆن کەسێك دەتوانێت باسی ئازادی پرۆلیتاریا یان ڕزگارکردنی ڕاســـتەقینەی جەماوەر لە ناو خودی دەوڵەت و لەلایەن دەوڵەتەوە بکات. دەوڵەت بە واتای هەژموون و هەیمەنەیە و هەموو هەیمەنە و زاڵبوونێکیش پێشـــگریمانە دەکات بۆ ملکەچی جەماوەر و لە ئەنجامدا چەوساندنەوە و بەکارهێنانیان بۆ قازانجی کەمینەیە یان کەسانی دیکەیە.

ئێمە دان بەوەدا نانێین، تەنانەت وەك گواستنەوەیەکی شۆڕشگێڕیش، تەنانەت ئەگەر کۆنفرانسە نیشتمانییەکان، یان ئەنجوومەنی دامەزرێنەر، یاخود وەکو دەڵێن دیکتاتۆرییەتی شۆڕشگێڕەکان، چونکە ئێمە قەناعەتمان وایە که شۆڕش ناکرێت دڵسۆز و ڕاستگۆ و ڕاستەقینە بێت ئەگەر لە جەماوەرەوە نەبێت، کاتێك لە دەستی هەندێک تاکی حوکمڕاندا چڕ دەبێتەوە، بە شێوەیەکی سروشتی و بە حەتمی دەبێتە کۆنەپەرست.

مارکسییەکان باوەشیان بە بیرۆکەی تەواو پێچەوانەدا دەکەن، کە چۆن لەگەڵ ئەڵمانییە باشەکاندا دەگونجێت، ئەوان پەرستیاری دەسەڵاتی دەوڵەتن و هەر بە زەرووروەش پێغەمبەری دیسیپلینی سیاسی و کۆمەڵایەتیشن، پاڵەوانی نەزمی دامەزراوی لە سەرەوە بۆ خوارەوەن، هەمیشەش بە ناوی مافی دەنگدانی گشتگیر و سەروەری جەماوەرەوە کە پارێزگاری خۆشیی و شەرەفی گوێڕایەڵیی بە سەرۆکان و هەڵبژێردراوی باڵادەست زامن دەکات. مارکسییەکان دان بە هیچ ڕزگارییەکی دیکەدا نانێن جگە لەوەی کە پێشبینی دەکەن پێی دەوترێت دەوڵەتانی گەل. ئەوان زۆر کەم دوژمنی نیشتمانپەروەرین، تەنانەت نێونەتەوەییەکەیان، زۆرجار ڕەنگەکانی پان ئەڵمانیزم دەپۆشێت. لە نێوان سیاسەتی مارکسی و سیاسەتی بیسمارکیدا بێ گومان جیاوازییەکی زۆر بەرچاو هەیە، بەڵام لە نێوان مارکسییەکان و خۆماندا، کۆتاییەك هەیە. ئەوان حکومەتخوازن، ئێمە بە مانای تەواوی وشە ئەنارکستین.

ئەمە ڕاستییە لە نێوان ئەم دوو مەیلەدا ئەمڕۆ هیچ سازشێك گریمانی نییە. تەنیا ئەزموونی کردەیی شۆڕشی کۆمەڵایەتییە لە ئەزموونە مێژووییە نوێیە گەورەکان، لۆژیکی ڕووداوەکان، دەتوانێت درەنگ یان زوو بیانگەیەنێتە

چارەسەرێکی هاوبەش؛ هەروەها بە توندی قەناعەتمان بە دروستی بنەماکەمان هەیە، هیوادارین ئەو کاتە ئەڵمانییەکان خۆیان- کرێکارانی ئەڵمانیا نەك سەرکردەکانیان- هاوکارمان بن تاکو ئەو زیندانانەی گەلان بڕووخێنن، کە پێیان دەوترێت دەوڵەتەکان هەر ئاواش بۆ سەرزەنشتکردن و ڕەتکردنەوەی سیاسەت، کە بەڕاستی جگە لە هونەری زاڵبوون / هەیمەنەکردن و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر هیچی تر نییە.

لە چرکەیەکی شەرمەزارانەدا دەتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە ستەمکاران، تاجیان لەسەر بێت یان بێ تاج بن، دەتوانن خەون بە دەسەڵاتی شاهانەی جیهانەوە ببینن؛ بەڵام چی دەبێت بوترێت بە دۆستێکی پرۆلیتاریا، لەبارەی شۆڕشگێڕێکەوە کە بەجدی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئارەزووی ڕزگاریی جەماوەر دەکات و خۆی وەك دیکتاتۆر و ناوبژیوانی باڵای هەموو ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەی کە دەتوانن لە وڵاتە جیاوازەکاندا بتەقنەوە، دادەنێت، دەوێرێت خەون بە ملکەچبوونی پرۆلیتاریای هەموو ئەم وڵاتانە بۆ یەك بیرکردنەوە ببینێت، کە وەکو هێلکەیەکی پیس لە مێشکیدا جوقاوە.

من ئەوە بەرچاو دەگرم کە مارکس شۆڕشگێڕێکی زۆر جدییە، ئەگەر هەمیشەش زۆر دڵسۆز نەبێت، بەڕاستی ئەو دەیەوێت پێگەی جەماوەر بەرز بکاتەوە. لە خۆم دەپرسم- بۆچی وا هەست ناکات کە دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی گشتگیر/ جیهانیی، جا بەکۆمەڵ بێت یان تاك، هەر جۆرە دیکتاتۆرێتێکە کە تا ڕادەیەك ئەدای ئەرکی ئەندازیاری سەرەکی شۆڕشی جیهانی ئەنجام بدات- بڕیار و ئاراستەکردنی بزووتنەوەی یاخیگەرانەی جەماوەر لە هەموو وڵاتاندا وەك ئەوەی کەسێك ڕێنمایی ئامێرێك دەکات- کە

دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی لەو جۆرە خۆی بەتەنها بەسە بۆ کوشتنی شۆڕش، یان ئیفلیجکردن و چەواشــەکردنی هەموو بزووتنەوەکانی خەڵك؟ مرۆڤ چییە، گروپی تـاکەکـان چیین، چەنـدێك عەبقەری بن، کە بوێری پیـاهەڵدانی خۆیـان دەکەن کە توانــای لە بــاوەشــــگرتن و تێگەیشـــتن لە فرەیی بێکۆتــایی بەرژەوەندییەکان، لە مەیل و ئاراســتە و کردارەکان بکەن کە هەمەچەشـــنن لە هەر وڵاتێــك، دەڤەرێــك، نــاوچەیەك. کە کۆی بێئەنــدازە یەککگرتوو، بەڵام هاوکاتیش یەکنەگرتوو، لە خیلالی تەماحی گەورەی هاوبەش بە هەندێك بنەمای بنەڕەتییەوە کە لێرەوە گوازراونەتەوە بۆ هۆشـیاری جەماوەر، ئەمە شـۆڕشـی کۆمەڵایەتی داهاتووە.

چۆن دەبێــت پێشـــبینی لە کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی بکەین کە بەنــاوی بەرژەوەندی شـۆڕشــەوە حکومەتێکی وەبەرهێنرا و بە دەســەڵاتی دیکتاتۆری بەســەر چینی کرێکاری هەموو جیهانی شــارسـتانیدا بســەپێنێت؟ ئەم حکومەتە دەســەڵاتی هەڵپەســاردنی فیدراسـیۆنە ناوچەییەکانی هەیە، مافی قەدەغەکردنی تەواوی گەلان لەســەر بنەمای ئەوەی پێی دەوترێت "پرانسـیپی فەرمیی"، هەیە کە بەڕاســتی تەنها بۆچونی کەسـیی مارکســە کە بە دەنگی زۆرینەی ســاختە گۆڕاوە بۆ ڕاسـتییەکی ڕەها. بیر لە چی بکەینەوە لە کۆنگرەیەك کە ڕەنگە بۆ ئەوەی بێمـانـاییەکەی زیـاتر ڕوون بێتەوە ئەم ئۆرگـانە دیکتـاتۆرییە بۆ ئەمریکـا دیاری بکات، دوای ئەوەی پڕی بکات لە پیاوانێك کە ڕەنگە ڕاســتگۆ بن بەڵام نــاڕوون و ئەوەنــدەی بڵێی جــاهیلن و بە تەواوی لەلایەن کۆنگرێســــەوە نەناســـراون؟ ئەگەر ئەوە وابێت، ئەوا دوژمنەکانمان- بۆرژوازییەکان- ڕاســت دەکەن گاڵتە بە کۆنگرەکانمان بکەن کە دەڵێن نێونەتەوەیی تەنها شــــەڕ لەگەڵ ســــتەمکارییە کۆنەکان دەکات بۆ دروســـتکردنی ســـتەمکاری نوێ و گۆڕینی

بێمانایيه هەنووکەیەکان بە ئەوانی دیکە و ئاواتەخوازە یەکێکی دیکە دروســـت بکات !

# پێنج: شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دەوڵەت

ئەو بانگەشەی بیسمارک بۆ جیهانی سیاسی و بۆرژوازی کردوویەتی، مارکس ئەمڕۆ لە نێو پرۆلیتاریاکانی ئەوروپادا بۆ جیهانی سۆسیالیستی دەکات، بۆ جێگرتنەوەی دەستپێشخەری فەرەنسی بە دەستپێشخەری و هەیمەنەی ئەڵمانی؛ و وەک چۆن بە گوێرەی ئەو و قوتابییەکانی هیچ بیرکردنەوەیەکی ئەڵمانی لە بیرکردنەوەکانی خۆی پێشکەوتووتر نییە، باوەڕی وایە ئەو ساتە هاتووە کە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە لە نێونەتەوەیی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. ئەمەش تاکە بابەت و ئامانجی کۆنفرانسە کە لە ئەیلوولی 1871لە لەندەن بانگەشەی بۆ کرد. ئەم بیرۆکە مارکسییە بە ئاشکرا لە مانیفێستی بەناوبانگی کۆمۆنیستە پەنابەرەکانی ئەڵمانیدا پەرەی پێدراوە کە لە ساڵی 1848لەلایەن مارکس و ئەنگڵسەوە دارێژراوە و بڵاوکراوەتەوە. ئەوە تیۆری ڕزگارکردنی پرۆلیتاریا و ڕێکخستنی کرێکارانە لەلایەن دەوڵەتەوە.

خاڵی سەرەکی مارکس دەسەڵاتگرتنە دەستی سیاسییە لەلایەن چینی کرێکارەوە. کەسێك دەتوانێت لەوە تێبگات کە پیاوانی وەك مارکس و ئەنگڵس کە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێن دەبێ لایەنگری بەرنامەیەك بن کە بە پیرۆزکردن و پەسەندکردنی دەسەڵاتی سیاسی، دەرگا بەڕووی هەموو تەماحەکاندا دەکاتەوە. بەو پێیەی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەبێت، پێویستە کە ڕەعیەت هەبن، بە مۆدێلی هەڵبژاردنی کۆمارییەکان وەک هاوڵاتیی، ئەوە ڕاستە، بەڵام کێ لانی کەم دەبێتە ژێردەستە و هاوکاتیش کێن ئەوانەی کە بە زۆر ناچاری گوێڕایەڵین

چونکە بەبێ بوونی گوێڕایەڵیی، هیچ هێز و دەسەڵاتێك گریمانی نییە. لە وەڵامی ئەمەدا دەوترێت کە ئەوان گوێڕایەڵی مرۆڤەکان نابن بەڵکو گوێڕایەڵی یاساکان دەبن کە خۆیان دروستیان کردووە. بۆ ئەوە دەبێت وەڵام بدەمەوە کە هەمووان دەزانن کە ئەوە چۆنە و چەندە لەو وڵاتانەی کە ئازادترین و دیموکراسیترینن، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بەڕێوەدەبرێن، خەڵك یاساکان دادەنێن و گوێڕایەڵییان بۆ ئەم یاسایانە چی دەگەیەنێت. هەرکەسێك بە ئەنقەست ئارەزووی وەرگرتنی خەیاڵەکان بۆ واقیع نەکات، دەبێت بە باشی بزانێت کە تەنانەت لەم جۆرە وڵاتانەشدا، خەڵك بەڕاستی گوێڕایەڵی ئەو یاسایانە نین کە خۆیان دایدەنێن، بەڵام یاساکانن کە بە ناویانەوە دانراون و گوێڕایەڵی ئەم یاسایانەش مانای هیچی تر نییە بۆ ئەوان جگە لە ملکەچی بۆ ئیرادەی نائارەزوومەندانەی هەندێك کەمینەی پاسەوانیی و حوکمڕان یان بەواتایەکی دیکە ئازادیی کۆیلایەتی.

لەم بەرنـــامەیەدا دەربڕینێکی دیکە هەیە کە بە قووڵی دژایەتییە بۆ ئێمەی ئەنارکیستی شۆڕشگێڕ کە ڕاشکاوانە دەمانەوێت ڕزگاری تەواوەتی خەڵکمان هەبێت؛ ئەو دەربڕینەی کە من ئاماژەی پێدەکەم، وێناکردنی پرۆلیتارییە. ئایا تێدەگەیت کە بەڕاستی ئەوە مانای چییە؟ لە بنەڕەتدا دامەزراندنی چینێکی نوێی دەســـەڵاتدارە ـــ کە لە کرێکارانی کارگە و شـــار پێکهاتووە ـــ کە لە هەمان کاتدا ملیۆنان کرێکاری گوندنشـین کە بەشـێکن لە چینی کرێکاریش لەمە بەدەر دەبن . بەپێی پلانەکانی سۆسیالدیموکراتەکانی ئەڵمانیا، ئەم کرێکارە گوندنشینانە لە ڕاســـتیدا دەبنە ژێردەســـــتەی دەوڵەتی گەورەی بەناو گەلەکەیان و بەناوی "دەوڵەتی گەل"ەوە حوکمڕانییان دەکرد. ئەم وشـــانە "چین"، "دەســـەڵات"،

"دەوڵەت"، سێ زاراوەی جیانەکراوەن، کە هەریەکەیان بە پێویست پێشگریمانەیەی دوانەکەی دیکەیە کە بە دڵنیاییەوە هەموویان بەم وشانە کورت دەکرێنەوە: ملکەچبوونی سیاسی و ئیستغلالکردنی ئابووریی جەماوەر.

مارکسییەکان پێیان وایە وەک چۆن لە سەدەی هەژدەدا بۆرژوازی ئەشرافەکانی (نوبەلاکان) لە سەر تەخت لابرد، بۆ ئەوەی جێگەی ئەو بگرێتەوە و هێواش هێواش لە جەستەی خۆیدا بەرجەستەی بکات، لەگەڵیدا هاوبەشی لە باڵادەستی و چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی شارەکان و هەروەها لە وڵاتیشدا دەکات، ئەمڕۆش ئاوا بانگەوازی پرۆلیتاریای شارەکان کراوە تاکو بۆرژوازی لە تەختی پاشایەتی لاببات و لە خۆیدا بەرجەستەی بکات، هاوبەشی بێت لە هەیمەنەکردن و چەوساندنەوەی پرۆلیتاریای لادێکان؛ ئەم پەراوێزخراوانەی مێژوو، مەگەر ئەمەی دواییان ڕاپەڕێت و هەموو چین و توێژەکان، ئایینەکان و پەرستگەکان، دەسەڵاتەکان، بە یەک وشە، هەموو دەوڵەتەکان دارِمێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لای من سەرتۆپی پرۆلیتاریا بە مانای ئەوە نییە کە مارکسییەکان مانای دەکەن، چینی سەرەوە کە شارستانیترین و ئاسوودەترین لە جیهانی کاردا، ئەو چینەی کرێکارانی نیمچە بۆرژوازی، ئەو توێژاڵەیە کە مارکسیستەکان دەیانەوێت پێکیبهێنن بۆ دروستکردنی چینی چوارەمی دەسەڵاتداریی و بەڕاستی توانای پێکهێنانی چینێکی دەسەڵاتداریان هەیە ئەگەر شتەکان بۆ بەرژەوەندی زۆرینەی ڕەهای پرۆلیتاریا ڕاست نەکرێتەوە، چونکە ئەم چینە باڵایە لە کرێکاران، بە هۆی خۆشگوزەرانی ڕێژەیی و پێگەی نیمچە بۆرژوازییەوە، بەداخەوە زۆر بە قووڵی هەموو پێشداوەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەموو تەماح و ئیدیعای تەسکی بۆرژوازی دەخزێتە

ناویانەوە. بەڕاستی دەتوانین بڵێین ئەم چینە باڵایە کەمتر سۆسیالیستین و زۆرتر تاکگەراییترن لە ناو پرۆلیتاریادا.

مەبەستی من لە سەرتۆپی پرۆلیتاریا لە سەرو هەموو شتێکەوە ئەو جەماوەرە گەورەیەیە، ئەو ملیۆنەها ناشارستانی و بێ میرات و بەدبەخت و نەخوێندەوارەی کە بەڕێزان ئەنگڵس و مارکس مەبەستیان ئەوەیە ملکەچی ڕژێمی باوکایەتی حکومەتێکی زۆر بەهێز بن، بە بەکارهێنانی دەربڕینێک کە ئەنگڵس لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێمان کافیرۆ بەکاری هێناوە. بێ هیچ گومانێك ئەمە بۆ ڕزگاربوونیان دەبێت، چونکە وەکو دەزانرێت هەموو حکومەتەکان بە دڵنیاییەوە تەنها لە پێناو 'بەرژەوەندی خودی جەماوەر خۆیان'دا دامەزراون. مەبەستم لە سەرتۆپی پرۆلیتاریا بە وردی ئەو "نەرمە گۆشتە" ئەبەدییەیە بۆ حکومەتەکان، ئەو کۆمەڵە گەورەیەی خەڵک کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەلایەن بەڕێزان مارکس و ئەنگڵسەوە بە دەستەواژەی وێنەکێشراو و سووکایەتیکردن بە جۆری خراپ و ناڕێکخراو کە بە "پرۆلیتاریای لومپێن"،[9] دەستنیشانکراون "لادێ، لادێیی بێ کەڵک و بێ بایەخ و پەراوێزخراو" ، ئەو جەماعەتەی کە تا ڕادەیەك پیس و پەڵەدار نەبووە بە هەموو شارستانییەتێکی بۆرژوازی، کە لە دڵیدا، لە ئاواتەکانیدا، لە هەموو پێداویستییەکان و نەهامەتییەکانی پێگەی

[9] لە ئەسڵدا زاراوەیەکە لەلایەن کارل مارکسەوە دارێژراوە و لە وشەی ئەڵمانی Lumpen وەرگیراوە کە بە واتای پرژوو بڵاو و بێ کەڵك ، پرۆلیتای لومپین . واتە: زاراوەیەکی سووکایەتیپێکردنە کە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بە بێ ناوبانگ، نەخوازراو، یان لە نزمترین چینە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت و پەراوێزخراون.

بەکۆمەڵیی ، دەستەجەمعیی، هەرهەموو تۆوەکانی سۆسیالیزمی داهاتوو هەڵدەگرێت و کە بە تەنیا لە ئەمڕۆدا ئەوەندە بەهێزە بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و گەیاندنی بە سەرکەوتن.

هەرچەندە لەم ڕووەوە مارکسییەکان جیاوازن لە ئێمە، بەڵام بەرنامەکەمان بە ڕەتکردنەوەیەکی ڕەهایی ڕەت ناکەنەوە. ئەوان تەنیا بەو شێوەیە سەرزەنشتمان دەکەن کە دەیانەوێت پەلە بکەین، لە ڕێپێوانی خاوی مێژوودا تێپەڕین و یاسای زانستی پەرەسەندنە یەك لە دوای یەکەکان پشتگوێ بخەین. بەهۆی ئەوەی ئەوان بوێری تەواو ئەڵمانییان هەبوو بۆ بانگەشەکردن لە بەرهەمەکانیاندا کە بۆ شیکاری فەلسەفەی ڕابردوو تەرخانکراون، تاکو ڕاییگەیەنن کە شکستی خوێناوی جوتیارانی یاخیبووی ئەڵمانیا و سەرکەوتنی دەوڵەتە ستەمکارەکان لە سەدەی شانزەهەمدا پێشکەوتنێکی شۆڕشگێڕانەی گەورە بووە، ئەوان ئەمڕۆش ئەوەندە بوێرییان هەیە کە خۆیان بە دامەزراندنی ستەمکارێتی نوێ بەناوی قازانجی کرێکارانی شار و بە زیانی زەحمەتکێشانی دەرەوەی شارەکان تێر بکەن.

مارکس بۆ پشتگیریکردن لە بەرنامەکەی بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، تیۆرێکی زۆر تایبەتی هەیە کە تەنها دەرئەنجامێکی لۆژیکی تەواوی سیستەمەکەیەتی. ئەو پێی وایە کە بارودۆخی سیاسی هەر وڵاتێك، وەك خۆی دەڵێت، هەمیشە بەرهەم و دەربڕینی راستەقینەی بارودۆخی ئابوورییەکەیەتی؛ بۆ گۆڕینی یەکەمیان تەنها پێویستە دووەمیان بگۆڕدرێت. بە بڕوای مارکس هەموو نهێنی پەرەسەندنی مێژوویی لەوێدایە. ئەو هیچ حسابێک بۆ فاکتەری دیکەی مێژوو ناکات، وەک کاردانەوەی ئاشکرا و هەمیشەیی دامەزراوە

سیاسی و یاسایی و ئایینییەکان لەسەر دۆخی ئابووری. دەڵێت "هەژاری کۆیلایەتی سیاسی بەرهەمدەهێنێت، واتە دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت"، بەڵام ڕێگە نادات ئەم دەربڕینە شوێنگۆڕکێ بکات، بۆ ئەوەی بڵێت "کۆیلایەتی سیاسی، دەوڵەت، بە نۆرەی خۆی کۆیلەیەتی بەرهەمدەهێنێتەوە، و هەژاری وەك مەرجێك بۆ بوونی خۆی دەپارێزێت؛ بەجۆرێك کە بۆ لەناوبردنی هەژاری، پێویستە دەوڵەت لەناو بچێت" هەروەها سەیر لەوەدایە کە نەیارەکانی قەدەغە دەکات لۆمەی کۆیلایەتی سیاسی بکەن، دەوڵەتە، وەک هۆکارێکی ڕاستەقینەی هەژاریی، مارکس فەرمان بە هاوڕێ و شاگردەکانی لە پارتی سۆسیال دیموکرات لە ئەڵمانیا دەدات کە دەستبەسەرگرتنی دەسەڵات و ئازادییە سیاسییەکان بە ڕەهایی پێویستە و ئازادییە سیاسییەکان بە ڕەهایی پێویستن وەك مەرجی سەرەتایین بۆ ڕزگاری ئابووری.

کەچی کۆمەڵناسانی قوتابخانەی مارکس، پیاوانی وەك ئەنگڵس و لاسال، نارەزایەتی دەردەبڕن لە دژی ئێمە گوایا دەوڵەت بە هیچ شێوەیەک هۆکاری هەژاری خەڵك نییە، یاخود بۆ زەلیلکردن و کۆیلایەتی جەماوەر نییە؛ هەروەها دەسەڵاتی ستەمکاریی دەوڵەت، بە پێچەوانەوە ئەوان دەڵێن بەڵکو هەردوکیان ئاسەواری زیاتری هۆکاری گشتی وحەتمییە، بەرهەمی قۆناغێکی حەتمییە لە گەشەسەندنی ئابووری کۆمەڵگەدا، قۆناغێك کە لە ڕوانگەی مێژووەوە پێشکەوتنی ڕاستەقینە پێکدەهێنێت، هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو ئەوەی کە پێی دەڵێن شۆڕشی کۆمەڵایەتی. لە ڕاستیدا تا ڕادەیەك لاسال بە دەنگی بەرز دریغی نەکرد لە ڕاگەیاندنی شکستی ڕاپەڕینە ترسناکەکەی جووتیاران لە ئەڵمانیا لە سەدەی شانزەهەمدا ـ کە شکستێکی دڵتەزێن بێت ئەگەر هەرگیز

هەبووبێت، کە مێژووەکەی بۆ کۆیلایەتی سەدەکان دەگەڕێتەوە کە ئەڵمانییەکان تێیدا دەژیان - و سەرکەوتنی دەوڵەتی ستەمکاری و ناوەندی کە دەرئەنجامی پێویستیی بوو، سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی بۆ ئەم شۆڕشە پێکهێنا؛ چونکە مارکسییەکان دەڵێن جوتیاران ، نوێنەری سروشتی کۆنەپەرستین، لە کاتێکدا دەوڵەتی عەسکەرتاری و بیرۆکراتی مۆدێرن – بەرهەمێك و هاوەڵێکی حەتمی شۆڕشی کۆمەڵایەتین، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەهەمەوە بە هێواشی دەستی پێکردووە، بەڵام هەمیشە گۆڕینی پێشکەوتووانەی ئابووریی فیۆداڵی و کشتیاری کۆن بۆ بەرهەمهێنانی سامان، یان هەمان شت لەو بارەوە، بۆ بەکارهێنانی کار و زەحمەتی خەڵك لەلایەن سەرمایەوە- ئەم دەوڵەتە مەرجێکی جەوهەری ئەم شۆڕشە بوو.

مرۆڤ دەتوانێت لەوە تێبگات کە چۆن ئەنگڵس کە بە هەمان لۆژیك پاڵنەر بوو، لە نامەیەکدا کە ئاراستەی هاوڕێیەکمانی، کارلۆ کافلێرۆ، کردبوو توانی بەبێ کەمترین شۆخی و پێچوپەنا، بەڵام بە پێچەوانەوە، زۆر بە جددی بڵێت کە بیسمارک و هەروەها کینگ ڤیکتۆر ئیمانوێلی دووەم خزمەتێکی بێئەندازەیان بە شۆڕش کردبوو، هەردووکیان ناوەندگەرایی سیاسییان لە وڵاتەکانیاندا دروستکردبوو.

بە هەمان شێوە مارکس بە تەواوی گرنگترین توخمێك لە گەشەسەندنی مێژوویی مرۆڤایەتیدا پشتگوێ دەخات، ئەوەش میزاج و کارەکتەری تایبەتی هەر ڕەگەزێك و هەر گەلێك، میزاج و کارەکتەرێك کە بە سروشتی خۆیان

بەرهەمی فرەیی ئیتنۆگرافی[10] (ethnographical ) ، کەشــوهەوا، ئابووری، هەروەها هۆکارە مێژووییەکانن، بەڵام هەر بە بەرهەمهێنانی، تەنانەت جیاواز و ســـەربەخۆ لە بارودۆخی ئابووری هەر وڵاتێك، کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر چارەنووسەکانی و تەنانەت لەسەر گەشەسەندنی هێزە ئابوورییەکانیشی هەیە. لە نێوان ئەم توخمانە و ئەم سـیفەتە سـروشـتیانەدا، توخمێك هەیە کە کارابییەکەی لە مێژووی تایبەتی هەر گەلێکدا بە تەواوی یەکلاکەرەوەیە؛ ئەوەش چڕبونەوەی غەریزەی یاخیبوونە و هەر ئـاواش ئـازادییە، کە بەهەرەیەکە پێی بەخشـــراوە یان تێیدا پارێزراوە. ئەم غەریزەیە ڕاســـتییەکە کە بە تەواوی سەرەتایی و ئاژەڵییە؛ مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا بە پلەی جیاواز و وزەی جیـاواز دەیـدۆزێتەوە، هێزی ژیـانی هەریەکەیـان بە چڕبوونەوەی دەپێورێت. لە مرۆڤدا، جگە لەو پێداویسـتییە ئابوورییانەی کە هانی دەدەن، ئەم غەریزەیە دەبێتە بەهێزترین پـاڵپێوەنەری هەموو ڕزگـاربوونەکـانی مرۆڤ. بەوی کە مەسـەلەیەکی میزاجییە نەك ڕۆشـنبیری کولتوری و ئەخلاقی، وێڕای ئەوەی ئاســـاییانە یەکێکیان ئەوانی دیکە وەبیر دەهێنێتەوە یا ئامادەی دەکات، هەندێکجار وا ڕوودەدات کە خەڵکانی شــــارســـتانی تەنها بە پلەیەکی لاواز یا نـاچـالاك خـاوەنـدارێتی دەکەن، جـا لـەبەر ئەوە بێت کە لە مـاوەی پێشـــووی گەشـەکردنیاندا ماندوو بووە، یاخود سـروشـتی شـارسـتانییەتەکەیان گەندەڵی

---

10 ئاماژەیە لێکۆڵینەوە و وەسفکردنی وردی داب و نەریت و خوو و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، زۆرجار لەسەر بنەمای کاری مەیدانی.

کردوون، یان لە کۆتاییدا لە بنەڕەتدا کەمتر لەوانی دیکە بەهرەدار بوون بەو گەشەکردنە.

هەر ئاوا بووە لە هەموو ڕابوردوودا وەکو ئەوەی ئەمڕۆی ئەڵمانیای ئەشرافەکان (نوبەلا) و بورجوازی. پرۆلیتاریای ئەڵمانی کە بۆ چەندین سەدە قوربانی ئەم یان ئەویان بووە، ئایا دەتوانرێت هاوبەشی بەرپرسیاریبوون لە ڕۆحی داگیرکردن بکرێت کە ئەمڕۆ لە چینە باڵاکانی ئەم نەتەوەیەدا خۆی دەردەخات؟ لە ڕاستیدا و بێ گومان نەخێر. بۆ داگیرکردنی خەڵك، کۆیلایەتیکردنیان زەروورییە و کۆیلەکانیش هەمیشە پرۆلیتاریان، داگیرکردنیش بەتەواوی دژایەتی بەرژەوەند و ئازادیی ئەوانە. بەڵام بەرپرسیارن بە شێوەیەکی هاوبەش لە ڕۆحییەتدا بەرپرسیارن هەر ئاواش بە بەرپرسیاری دەمێننەوە تا ئەو کاتەی تێنەگەن کە ئەم دەوڵەتە پان- ئەڵمانییە، ئەم دەوڵەتە کۆمارییە و بەناو دەوڵەتی گەل-ییە، کە لە داهاتوویەکی کەم تا زۆری نزیکدا بەڵێنیان پێدراوە، شتێکی دیکە نابێت ئەگەر بتوانرێت بەدیبهێنرێت، جگە لە فۆرمێکی نوێی کۆیلایەتی زۆر سەخت بۆ پرۆلیتاریا.

لانیکەم تا ئێستا پێناچێت ئەوان ئەم ڕاستییە تێگەیشتبن و هیچ کام لە سەرۆك و تاربێژ و دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەکان زەحمەتی ڕوونکردنەوەی و شرۆڤەکردنیان بۆیان کێشابێت. هەموویان بە پێچەوانەوە هەوڵدەدەن کە پرۆلیتاریا لە ڕێگایەکەوە بەرن جگە لە تێبینی ڕەخنەگرانەی دژە جیهان و کۆیلەکردنی خۆیان ناگەنە هیچ کوێ، تا ئەو کاتەی بە گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی ئەم سەرکردانە، بەدوای ئەم وەهمە ترسناکەی دەوڵەتێکی گەلییدا بگەڕێن، بە دڵنیاییەوە پرۆلیتاریا دەستپێشخەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی نابێت. ئەو کاتە ئەم

شـۆڕشـە لە دەرەوە دێت، ڕەنگە لە وڵاتانی دەریای ناوەڕاسـتەوە بێت و دواتر ملکەچی ئەو پەتا گشتگیرە، جیهانییە، پرۆلیتاریای ئەڵمانی خولیای خۆی توونـد دەکـاتەوە و بە یەك زەربە هەژموونی سـتەمکـارە بەنـاو ڕزگـارکەرەکـانی دەڕوخێنێت.

لۆژکی مـارکس دەبێتە هۆی ئەنجـامێکی تەواو پێچەوانە، ئەو هیچ بەرچـاو نـاگرێـت جگە لە تـاکە پرسـی ئـابووریی. مـارکس بەخۆی دەڵێـت کە پێشکەوتووترین وڵاتەکان و لە ئەنجامدا توانای هەوێنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ئەوانەن کە بەرهەمی سەرمایەداری مۆدێرن تێیدا گەیشتووەتە بەرزترین پلەی گەشـەسـەنـدن. ئەوەش ئەوانن کە بەدەر لە هەموو وڵاتـانی تر، وڵاتە شارستانییەکانن، تەنیا ئەوانەن کە بانگەوازیان بۆ دەکرێت بۆ دەستپێشخەری و ئاراستەکردنی ئەم شۆڕشە. ئەم شۆڕشە ڕاگەیاندن لە زەوتکردنی موڵکییەتی خاوەن موڵك و سەرمایەدارەکانی ئێستا، چ بە ڕێگای ئاشتیانە یاخود توندوتیژی لەگەڵ خاوەنداری هەنوکەیی و سەرمایەدارەکان، هەروەها لە دەستبەسەراگرتنی هەموو زەوی و سـەرمایەیەك لەلایەن دەوڵەتەوە، بۆ ئەوەی ئابوورییەکی مەزن بەدیبهێنێت هەرئاواش پەیامی سـیاسـیانە، زەروورە زۆر بەهێز و مەرکەزی بێـت. دەوڵەت بە یـارمەتی مووچەخۆرەکـانی کە فەرمـانـدەیی سـوپـان زەحمەتکێشی گوندنشینەکان کە سەرقاڵی کشوکاڵن بەڕیوەی دەبات و زەوییەکان دەکێڵێت کە بۆ ئەم چاندنە ڕێکخراو و دیسپلینکراون. هاوکاتیش لە وێرانبوونی هەموو بانکەکاندا ئێسـتا یەك بانك دادەمەزرێنێت بۆ هاوکاری دارایی هەموو کار و هەموو بازرگانی نیشتمانیی.

مرۆڤ دەتوانێت لەوە تێبگات کە لە یەکەم نیگادا، وەك پلانێکی سادەی ڕێکخستن- لانیکەم لە ڕواڵەتدا- دەتوانێت خەیاڵی ئەو کرێکارانە ڕابکێشێت کە زیاتر تامەزرۆی دادپەروەری و یەکسانین تاکو ئازادیی، خەیاڵکردنی گەمژانە گوایە کە ئەم دووانە دەتوانن بەبێ ئازادی بوونیان هەبێت- وەك ئەوەی بتوانن قازانج و چەسپاندنی دادپەروەری و یەکسانی بەدەستبهێنن مرۆڤ دەتوانێت متمانە بکاتە سەر خەڵکی دیکە و لە سەر و هەموو شتێکەوە بە گروپە دەسەڵاتدارەکان، چەندێك بانگەشەی ئەوە بکەن کە لەلای خەڵکەوە هەڵبژاێرروان و ملکەچی دەسەلاتیانن. بەڵام لە واقیعدا بۆ پرۆلیتاریا دەبێتە ڕژێمێکی عەسکەرتاری، کە جەماوەری ستانداردکراوی ژن و پیاوی کرێکار بەخەبەر دێن، دەخەون، کار دەکەن بە گوێرەی لێدانی دەنگی تەپڵ دەژین. ئەمە بۆ کەسانی زیرەك و لێزان ئیمتیازێکی حوکمڕانییە؛ دەشبێتە کێڵگەیەکی فراوان بۆ خاوەن عەقڵە بەکرێگیراوەکان، سەرنجڕاکێش دەبێت بەهۆی گەورەیی مەرج و گریمانە نێودەوڵەتییەکانی بانکە نیشتمانییەکانەوە، کە بوارێکی فراوانی کاری قازانج بەخشە.

لە ناوخۆدا کۆیلەیەتی دەبێت و لە کاروباری دەرەوەشدا ئاگربەستێك کەمتر شەر - مەگەر هەموو خەڵکانی ئەو ڕەگەزە بەناو "نزمانە"، جا لاتین بێت یان سلاڤ، ئەوانەی کە ماندوون بەدەست شارەستانێتی بورژوازییەوە، ئەوانی تر نائاشنان پێی و بە غەرریزە ڕقیان لێی دەبێتەوە، مەگەر ئەم خەڵکانە ڕازی بن بە ملکەچبوون بۆ کۆنترۆڵی تەوای نەتەوەی بورجوازی و دەوڵەتێك کە هێندەی تر نەفرەت لێکراو بێت چونکە خۆی بە دەوڵەتی گەل دەزانێت .

شۆڕشی کۆمەڵایەتی، وەك چۆن زەحمەتکێشەکانی لاتین و سلاڤ بە خۆیان وێنەی دەکەن و ئارەزووومەندین و هیوای بۆ دەخوازن، بێ سنوور فراوانترە لەوەی بەڵێنی بەرنامەی ئەڵمانی یان مارکسی پێیانی داوە. پرسەکە لای ئەوان ڕزگارکردنی چینی کرێکاران بە شێوەیەکی حساب بۆکراو و لە بازنەیەکی تەسکدا و لە ئایندەیەکی زۆر دووردا نییە بۆ بەدیهێنانی، بەڵکو ڕزگارییەکی تەواو و ڕاستەقینەی هەموو پرۆلیتاریایە، نەك بە تەنها لە هەندێك وڵات بەڵکو لە هەموو نەتەوەکان، شارستانی و ناشارستانی، شارستانی نوێ، شارەستانی ڕاستەقینەی گەل کە ئایندەیەو بەمە چالاکی ڕزگاریکردنی گشتیی دەست پێبکات.

وشـــەی یەکەمی ئەم ڕزگاربوونەش ناتوانێ جگە لە "ئازادیی" هیچی تر بێت، نەك ئازادی سیاسییانە و بورژوازیەنە کە ئەوەندە وەك بابەتێکی پێشوەختەی تایبەت لەلایەن مارکس و لایەنگرانییەوە پەســەند و پێشــنیار کراوە، بەڵکو ئەو ئازادییە مەزنەی مرۆڤە، کە هەموو دۆگمایەکی میتافیزیکیانە، ســـیاســـییانە و یاسایانەی کە ئەمڕۆ هەموو کەسێك بەو هۆیانەوە بارگاوی کراوە تێکدەشکێنێت. ئۆتۆنۆمیی گەشـــەی تەواو دەدات بە هەموو کەســـێك، بە کۆمەڵی و هەروەها تاکەکانیش لە چالاکییەکانیاندا، بە یەکجاری و بۆ هەمیشــە لە هەموو پشــکنەر و بەڕێوەبەر و ئامۆژگاریکەران و پاسەوان و پارێزەران ڕزگاریان دەکات.

وشـــەی دووەمی ئەم ڕزگاربوونە، هاوپشـــتییە، هاودەنگییە، نەك هاوپشـــتی مارکسیانە لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەلایەن هەندێک حکومەت و ئەوانی دیکەوە، چ بە هەڵخەڵەتاندن یان بە زۆرکردن لە جەماوەری خەڵك؛ نەك ئەو هاوپشتییەی هەمووان کە نکۆڵیکردنی ئازادیی هەرتاکێکیانە و هەر بەو ڕاســـتییەش دەبێتە

درۆیەك، وەهمێك، بوونی کۆیلایەتی لە واقیعدا کە ڕاستییەك لە پشتیوەیەتی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو هاوپشتییەی کە پشتڕاستکردنەوە و بەدیهێنانی هەموو ئازادییەکە و ناسین و پێزانینی هەموو ئازادییەك، کە سەرچاوەی لە هیچ یاسایەکی سیاسیدا نییە، بەڵکو لە سروشتی شاراوەی ئەسڵی بەکۆمەڵی سروشتیی مرۆڤەکاندا هەیە، کە لە واقیعدا هیچ مرۆڤێك ئازاد نییە ئەگەر هەموو ئەوانەی لە دەوریەتی کەمترین کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی هەیە، یەکسان نەبن. ئەم ڕاستییە بە شێوەیەکی شایستە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا دەربڕدراوە کە ڕۆبێسپێر داپڕشتووە، کە ڕایدەگەیەنێت کە کۆیلایەتی کەمترین مرۆڤەکان کۆیلایەتی هەمووانە .

ئەو هاوپشتییەی ئێمە داوای دەکەین، دوورە لە ئەنجامدانی هەر ڕێکخراوێکی دەستکرد یان ڕێکخراوێکی دەسەڵاتخواز هەرچۆن بن، بەڵکو تەنیا دەتوانێت بەرهەمی خۆڕسکانەی ژیانی کۆمەلایەتی، ئابووری و هەروەها ئەخلاقی بێت؛ دەرئەنجامی ئازادی یەکگرتن، ئازادیی فیدراسیۆنە لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، ئاوات و مەیلە هاوبەشەکان بۆ بنەما جەوهەرییەکان، یەکسانیی، کاری بەکۆمەڵیی کە دەبێتە ئەرکی هەریەکەیان بەڵام نەك بە هێزی یاسا، بەڵکو بە هێزی ڕاستییەکان و موڵکایەتی بە کۆمەڵ؛ وەك ڕووناکییەکی ئاراستەکەر، ئەزموونێك کە بڵێین مامەڵەکردنی ژیانی بەکۆمەڵ؛ زانین و مەعریفە و فێربوون؛ هەر وەك ئامانجی کۆتایی دامەزراندنی مرۆڤایەتی، و لە ئەنجامدا داڕمانی هەموو دەوڵەتەکان.

نموونەیەك یا ئایدیاڵێکی باڵا هەیە، نەك خودایی، نەك میتافیزیکی بەڵکو ئینسانی و کردەیی، کە بە تەنیا لەگەڵ خواستەکانی مۆدێرن و گەلانی لاتین و سلاڤدا

دەگونجێت، کە ئازادیی تەواو، هاوپشتیی تەواو، یەکسانیی تەواویان دەوێت؛ لە یەك وشە، ئەوان تەنها مرۆڤایەتییان دەوێت و تەنانەت ئەوان وەکو شتێکی کاتی و ڕاگوزەریش، بە هەر شتێکی کەمتر لەوە ڕازی نابن. مارکسییەکان سەرزەنشتی ئیلهام و ئامانجەکانیان دەکەن وەکو گەمژەیی ئەو بیرۆکەیە دەیبینن کە لە ماوەیەکی زۆردا کراوە، کە لە ئامانجەکەیانی نەگۆڕیوە و هەرگیزیش مەزنی ئەو ئامانجە بۆ قسەی زلی بورجوازی و سۆسیالیزمی مارکسی ناگۆڕن.

بیرۆکەکەیان بەم مانایە عەمەلییە، کە بەدیهێنانی کەمتر قورس دەبێت لە ئایدیالی مارکسی، کە جگە لە هەژاریی ئامانجەکەی، نارەحەتییەکی گەورەی بەتەواوی نەکردەییش (ناعەمەلیبوونیش) دەخاتە ڕوو. ئەمە یەکەمجار نییە کە بە پیاوانی زیرەك و عەقڵانی و داکۆکیکار لە شتە کردەیی و گریمانەکان، بە کەسانی خەیاڵی (یۆتۆپیاکان) بناسرێن و ئەوانەی ئەمڕۆ پێیان دەوترێت خەیاڵیی، یۆتۆپیا، سبەی وەك پیاوی پراکتیکی دەناسرێن. بێمانایی تەواوی سیستەمی مارکسی بە دەقیقی لەو ئامانجەدا خۆی دەگرێتەوە کە بە بەرتەسککردنەوەی نائاسایی بەرنامەی سۆسیالیستی بەجۆرێك کە لەلایەن ڕادیکاڵە بۆرژوازییەکانەوە قبوڵکراو بێت، تاکو بیانگۆڕێت بۆ خزمەتکاری بێ ئاگا و ناخۆبەخشانە و نائیرادی بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی. لەوێدا هەڵەیەکی گەورە هەیە؛ هەموو ئەزموونەکانی مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هاوپەیمانییەك کە لە نێوان دوو لایەنی جیاوازدا ئەنجام بدرێت، هەمیشە ڕوو لە قازانجی کۆنەپەرستانەترەکەی ئەو دوو حزبە دەکات؛ هاوپەیمانیی بەپێویستی دەزانێت حزبی پێشکەوتووتر لاواز بکات، بە دابەزاندنی پێگەی و شێواندنی بەرنامەکەی، لە ڕێگەی لەناوبردنی هێزی ئەخلاقی متمانەیی بە خۆی، لە

کاتێکدا حزبێکی کۆنەپەرست کە تاوانبارە بە درۆ هەمیشە و زیاتر لە جاران ڕاستە و ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆیدا.

بەڵام من ڕاڕانیم کە بڵێم هەموو ئەو موغازەلانە مارکسیستییەکان لەگەڵ ڕادیکالیزمدا دەیکەن، چ ڕیفۆرمخواز یان شۆڕشگێڕ، یاخود بۆرژوازی، هیچ بەرەنجامێکی نابێت جگە لە داماڵین لە ورە و ناڕێکخراوبوونی گەشەی هێزی پرۆلیتاریا و لە ئەنجامدا نوێبونەوەی چەسپاندنی دەسەڵاتی دامەزراوەی بورژوازی.

## شەش: چالاکی سسیاسی و کرێکاران

وێڕای ڕێگری و یاسـای سـەرکوتکارانە لە ئەڵمانیا سـۆشـیالیزم لە ئێسـتاوە بووەتە دەسـەڵاتێکی ترسـێنەر. حیزبە کرێکارییەکان بەڕاشـکاوی سۆسیالیستن – بەو مانایەی کە ئەوان دەیانەوێت چاکسازییەکی سۆسیالیستیانە لە پەیوەندییەکانی نێوان سـەرمایە و کاردا لەو بڕوایەدان کە دەتوانن ئەم چاکسازییە بەدەستبهێنن، لای ئەوان پێش هەموو شتێك دەبێت چاکسازی لە دەوڵەتدا بکرێت، ئەگەر خۆی بە شێوەییەکی ئاشتیانە چاکسازی نەکات، ئەوە دەبێت لە ڕێگای شۆڕشی سیاسیانەوە ریفۆرم بکرێت .

ئەم شۆڕشە سیاسییە، ئەوان پێیان وایە، دەبێت پێش شۆڕشی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام من ئەمە بە هەڵەیەکی کوشندە دەزانم، چونکە شۆڕشێکی لەو شێوەیە بە زەرووره شۆڕشێکی بۆرژوازی دەبێت و تەنیا سۆسیالیزمێکی بۆرژوازی بەرهەم دەهێنێت، واتە ڕابەرایەتی چەوساندنەوەیەکی نوێ دەکات کە فێڵبازتر و دووڕووتر، وەلێ کەمتر سەرکوتکەرتر نییە لە ئێستادا.

ئەم بیرۆکەیەی شۆڕشی سیاسی پێش شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، دەرگاکانی بۆ پارتی سۆسیال دیموکراتی بەڕووی هەموو دێموکراتە ڕادیکاڵەکاندا بە فراوانی کردۆتەوە؛ ئەوانەی کە سەر بە هیچ ئاراستەیەکی سۆشیالیستەکان نین.

ســـەرکردەکــانی حیزب دژ بە غەریزەکــانی خودی کرێکــارانن کە بەمە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ دیمۆکراتە بورژواییەکان پارتی گەل ( لیبراڵەکان ) کە تەواو دوژمنی ســۆشــیالســتن دروســتدەکات، هەر وەک ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی و سیاسـەتمەدارەکانی نیشـانی دەدەن. بەڵام سـەرکردەکانی ئەم پارتی گەلە تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئەم قسـە دژە سۆسیالیستیانە کرێکارانی نارەحەت کردووە، لەبەر ئەوە تۆنی قســەکانیان دەســتکاری کردووە چونکە پێویسـتیان بە هاوکاری کرێکارانە لە ئامانجە سیاسـییەکانیاندا، هەروەک چۆن هەمیشــە ئاوابووە. شـێوازی بۆرژوازی بۆ ئەنجامدانی شـۆڕشـێك لە ڕێگەی هەموو ســوپـایەکی بەهێزی خەڵکەوەیە تـاکو دواتر قـازانجەکـانی بۆ خۆیـان بچننەوە. بەم شــێوەیە ئەم دیموکراتە جەماوەرییانە ئێســتا بوونەتە جۆرێك لە "سـۆسـیالیسـتەکان ."بەڵام "سـۆسـیالیزم" لە خەونە بێ زیانەکانی هاوکاریی بۆرژوازی تێناپەڕێت.

لە کۆنگرەیەکدا لە ئایزناخ، لە مانگی ئابی ســاڵی 1869، دانوســتان لە نێوان نوێنەرانی دوو حزبەکەدا، کرێکار و دیموکرات بەڕێوەچوو و بەرنـامەیەکیـان لێکەوتەوە کە بەرنامەی پارتی کرێکارانی ســۆســیال دیموکراتی پێکهێنا. ئەم بەرنامەیە سـازشـێکە لە نێوان بەرنامەی سـۆسـیالیسـتی و شـۆڕشـگێڕانەی نێونەتەویی وەک ئەوەی کۆنگرەی برۆکســل و بازل دیارییان کردووە، لەگەڵ بەرنـامەی دیموکراســـی بۆرژوازی. ئەم بەرنـامە نوێیە داوای "دەوڵەتی گەلی ئـازاد"ی دەکرد، کە هەموو هەیمەنەی چینـایەتی و هەموو چەوســـاندنەوەیەك هەڵبوەشـێنرێتەوە. ئازادی سـیاسـی بە بەپەلەترین مەرج بۆ ڕزگاری ئابووری چینی کرێکار ڕاگەیەندرا. لە ئەنجامدا پرسـی کۆمەڵایەتی لە پرسـی سـیاسـی

جیانەکرایەوە، چارەســـەری تەنیا لە دەوڵەتێکی دیموکراســـیدا مومکین بوو. پارتەکە پەیوەندی بە نێونەتەوەییەوە ڕاگەیەندرا. هەندێك ئامانجی دەســـتبەجێ خرایەڕوو: مافی دەنگدانی پیاوان، ریفراندۆم، پەروەردەی خۆڕایی و ناچاری (ئیلزامی)، جیاکردنەوەی کەنیســە و دەوڵەت، ئازادی ڕۆژنامەگەریی، یارمەتی دەوڵەت بۆ هەرەوەزییەکانی کرێکاران.

ئەم بەرنامەیە گوزارشت لە خواستی سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕانەی کرێکاران ناکات، بەڵکو لە ســیاســەتی ســەرکردەکان. ناکۆکییەکی ڕاســتەوخۆ لە نێوان بەرنامەی نێونەتەوەی و بەرنامە تەواو عەقڵانییەی کە لە ســـەرەوە ئاماژەی پێکراوە، لە نێوان هاوپشتی سۆسیالیستی کرێکاران و نیشتمانپەروەری سیاسی دەوڵەتی نیشتمانیدا هەیە. بەم شێوەیە سۆسیال دیموکراتەکان خۆیان لە دۆخێکدا دەبیننەوە کە لەگەڵ هاونیشـــتمانە بۆرژوازییەکانیان لە بەرامبەر کرێکارانی وڵاتێکی بێگانەدا یەکگرتوو بن؛ و نیشـــتمانپەروەرییان ســـۆســـیالیزمی ئەوانی بەزاندوە. کۆیلەیی خۆیان بۆ حکومەتی ئەڵمانیا دژی حکومەتی فەرەنســا وەك ستەمکار دەربڕیوە و دەوەستنەوە. تەنها جیاوازی نێوان بیسمارك و ناپلیۆنی ســـێیەم ئەوە بوو کە یەکێکیان فێڵبازێکی ســـەرکەوتوو بوو و ئەوی دیکەیان فێڵبازێکی ناسەرکەوتوو بوو، یەکێکیان فێڵباز ئەوی تریان فێڵباز و نیوێك .

بیرۆکەی ســـۆســـیالیســـتە ئەڵمانییەکان بۆ دەوڵەتی ئازاد لە ڕووی زاراوەوە ناکۆکییە هەروەها خەونێکی بەدی نەهاتووە. سۆسیالیزم بە واتای لەناوبردنی دەوڵەتە، ئەوانەی پشتگیری لە دەوڵەت دەکەن دەبێت دەستبەرداری سۆسیالیزم بن؛ دەبێت ڕزگاری ئابووریی جەماوەر بکەنە قوربانی دەســەڵاتی ســیاســی هەندێك لایەنی ئیمتیازدار- و لەم حاڵەتەدا دیموکراسی بۆرژوازی دەبێت.

بەرنامەی سۆسیالدیموکراتەکان بەڕاستی ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوان متمانەیان بە دیموکراتە بۆرژوازییەکان هەیە بۆ یارمەتی کرێکاران لە گەیشتن بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، ئەمە دوای ئەوەی کرێکاران یارمەتی بۆرژوازیان داوە بۆ گەیشتن بە شۆڕش، شێوازی قووتدانی بیرۆکەی بۆرژوازییان بە لیستی ئامانجە دەستبەجێییەکانەوە دەردەکەوێت، کە ئەمەش بێ لە کۆتا ئامانجیان، بەرنامە ناسراوەکەی دیموکراسی بۆرژوازی پێکدەهێنێت. لە ڕاستیشدا ئەم ئامانجە دەستبەجێیانە بوونەتە ئامانجی ڕاستەقینەیان، تا ئەو ڕادەیەی کە پارتی سۆسیال دیموکراتیان بەقەرز داوە تاکو ببێتە ئامرازێکی ئاسایی لە دەستی دێموکراتە بۆرژوازییەکاندا.

ئایا مارکس ڕاستگۆیانە دوژمنایەتی چینایەتی بەرامبەر چینایەتی دەوێت، ئەو دوژمنایەتی و دژایەتییەی کە هەموو بەشدارییەکی جەماوەر لە کردەی سیاسی دەوڵەتدا بە تەواوی مەحاڵ دەکات؟ چونکە ئەم کارە کە بەدەر لە بۆرژوازی تەماشای بکەین، کردەیی نییە: تەنیا کاتێك ئەگەری کردنیی دەبێت کە بەشداری لەگەڵ هەندێك حیزبی ئەو چینە بچێتە پێشەوە و ڕێگە بدات خۆی لەلایەن بۆرژوازیەوە ئاراستە بکرێت. مارکس ناتوانێت لەوە بێ ئاگا بێت و لەمەش زیاتر ئەوەی ئەمڕۆ لە جنێڤ و زیوریخ و بازل و هەموو ئەڵمانیا دەگوزەرێت، مارکس دەبوو چاوەکانی لەسەر ئەم خاڵە بکاتەوە، ئەگەر دایخستبێتن، کە بەڕاشکاوانە دەڵێم من باوەڕ ناکەم. مەحاڵە باوەڕم پێی هەبێت دوای ئەوەی ئەو وتارەم خوێندەوە کە بەم دواییە لە ئەمستردام پێشکەشی کرد، کە تیایدا وتی لە هەندێك وڵاتدا، ڕەنگە لە خودی هۆڵەندا، دەتوانرێت پرسی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئاشتیانە، یاسایی، بەبێ هێز، بە شێوەیەکی دۆستانە

چارەســـەر بکرێت، کە نـاتوانێ جگە لەم مـانـایە هیچ مـانـایەکی تری نەبێت: دەتوانرێت بە زنجیرەیەك سـازانی سـەرکەوتوو، ئاشـتیخوازانە، خۆبەخشـانە و دادپەروەرانە، لە نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا چارەســـەر بکرێ. مازینی-یش هەرگیز شتێکی جیاوازی لەمە نەوتووە.

مازینی و مارکس لەســەر ئەم خاڵەی گرنگیی ســەرمایە کۆکن، کە چاکســازییە کۆمەڵایەتییە گەورەکـانە کە بۆ ڕزگـارکردنی پرۆلیتـاریـایە، نـاتوانرێت بەدی بهێنرێـت تەنهـا لە دەوڵەتێکی گەورەی دیموکراســـی و کۆمـاریخواز و زۆر بەهێزی ناوەندگەرایی نەبێت، کە بۆ خۆشگوزەرانی دروستی خەڵك، بۆ ئەوەی بتوانێـت پەروەردە و خۆشــــگوزەرانی کۆمەڵایەتییـان پێبـدات، ئەوە دەبێـت بەســــەریاندا بســـەپێنرێت لە ڕێگەی دەنگدانی خۆیانەوە بۆ حکومەتێکی زۆر بەهێز.

من پێداگری لەسـەر ئەوە دەکەم کە ئەگەر هەرگیز حزبی مارکسـی، ئەوەی پێی دەوترێت ســـۆســـیال دیموکراســـی، بەردەوام بێت لە پەیڕەوکردنی ڕەوتی داواکارییە ســـیاســـییەکان، ئەوا دەبینێت خۆی بە ناچاری درەنگ یاخود زوو ســـەرزەنشــت دەکرێت لەســـەر داواکارییە ئابوورییەکان و چالاکیی مانگرتن، چونکە ئەم دوو ئاراستەیە لە ئەرزی واقیعدا بەیەکەوە ناگونجێن و دژ بەیەکن.

هەمیشە هەمان میزاجی ئەڵمانی و هەمان لۆژیکە کە مارکسییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کوشندە دەباتە ناو ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین سۆسیالیزمی بۆرژوازی و بۆ ئەنجـامدانی پەیمـانێکی ســـیـاســـی نوێ لە نێوان ئەو بۆرژوازیـانەی کە ڕادیکاڵن، یان ناچارکراون کە ببنە کەمینەیەکی " زیرەك/ ڕۆشـنبیر"، ڕێزدار،

کە دەکرێت بڵێین کەمینەیەکی بۆرژوازی بەپێی پێویست لە پرۆلیتاریای شارەکان لەسەر حسابی جەماوەری پرۆلیتاریا، نەك تەنها لە گوندنشینەکاندا، بەڵکو لە شارەکانیشدا.

ئەمە واتای ڕاستەقینەی کاندیدکردنی کرێکارانن بۆ پەرلەمانی دەوڵەتانی هەنوکە، مانای دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسییە لەلایەن چینی کرێکارەوە. لەبەر ئەوەی تەنانەت لە ڕوانگەی تەنیا ئەو پرۆلیتاریانەی شارەکانەوە کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی ئەوانە دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بگرێت، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە سروشتی جەماوەریی ئەم دەسەڵاتە جگە لە خەیاڵ هەرگیز هیچی تر نابێت؟ ئاشکرایە کە بەشداریکردنی سەدان هەزار، دەیان هەزار، یان چەند هەزارێك لە دەسەڵاتگرتنە دەست مەحاڵ دەبێت، لە ڕاستیدا بۆ چەند هەزار کەسێکیش هەر مەحاڵ دەبێت کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم دەسەڵاتە بەکاربهێنن. بەزەرووری ئەم حوکمکردنە دەبێت بە وەکالەت مومارەسەی پێبکەن، واتە بە کۆمەڵە کەسێك کە خۆیان هەڵیانبژاردون بۆ نوێنەرایەتیکردن و حوکمڕانییان. بەمەی کە دەکرێت بێ هیچ گومانێك دەکەونەوە ناو هەموو درۆ و کۆیلایەتییەکانی نوێنەرەکان یاخود ڕژێمی بۆرژوازییەوە. دوای ساتێکی کورت لە ئازادیی یان نشوەی شۆڕشگێڕانە، هاوڵاتیانی دەوڵەتی نوێ، بەخەبەر دێنەوە و خۆیان بە کۆیلە و گەمەکار و قوربانیی بریقەی دەسەڵاتی نوێ دەبیننەوە. مرۆڤ دەتوانێت لەوە تێبگات کە چۆن و بۆچی سیاسەتمەدارانی زیرەك دەبێ بە سۆزێکی زۆرەوە خۆیان بە بەرنامەیەکەوە ببەستنەوە کە ئاسۆیەکی وا فراوان بەڕووی تەماحەکانیاندا دەکاتەوە؛ بەڵام ئەو کرێکارە جدییانەی کە وەك بڵێسەی زیندوو

لە دڵەکاندا هەستی هاودەنگی لەگەڵ هاوڕێکانیان لە کۆیلایەتی و بەدبەختیدا لە سەرانسەری جیهاندا هەڵدەگرن و ئارەزووی ڕزگارکردنی خۆیان دەکەن نەك لەسەر حسابی هەمووان بەڵکو بە ڕزگارکردنی هەمووان، تاکو خۆیان لەگەڵ هەمووان ئازاد بن و لە نۆرەی خۆیاندا نەبنە ستەمکار؛ کە زەحمەتکێشانی دڵسۆز دەتوانن عاشقی بەرنامەیەکی لەو شێوەیە بن، کە تێگەیشتن لەوە زۆر قورسە.

بەڵام سەرەرای ئەوەش بڕوای پتەوم هەیە کە لە چەند ساڵێکی تردا کرێکارانی ئەڵمانی خۆیان، دان بە دەرئەنجامە کوشندەکانی تیۆرییەك کە تەنیا دەتوانێت لە بەرژەوەندی تەماحی سەرۆکە بۆرژوازییەکانیان یان لە ڕاستیدا بۆ تەماحی هەندێك کرێکاری ناوازە کە هەوڵی سەرکەوتن بەسەر شانی هاوڕێکانیان دەدن بۆ ئەوەی لە نۆرەی خۆیاندا ببنە بۆرژوازی باڵادەست و چەوسێنەر. من متمانەی تەواوم بە کرێکارانی ئەڵمانی هەیە کە بە بێزراویی و توڕەییەوە ئەم تیۆرە ڕەتدەکەنەوە و بەرنامەی ڕاستەقینەی ڕزگاری چینی کرێکار، بەرنامەی لەناوبردنی دەوڵەتەکان لە باوەش دەگرن، بەو سۆزەی کە ئەمڕۆ کرێکارانی وڵاتە گەورەکانی دەریای ناوەڕاست، فەرەنسا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا، هەروەها کرێکارانی هۆڵەندی و بەلجیکا دەیکەن.

هاوکاتیش ئێمە دان بە مافی تەواوەتی کرێکارانی ئەڵمانیدا دەنێین کە بەو ڕێگایەدا بڕۆن کە بە باشترینی دەزانن، بەو مەرجەی هەمان ئازادیمان پێ بدەن. تەنانەت دان بەوەدا دەنێین کە زۆر ئەگەری ئەوە هەیە کە بە گوێرەی هەموو مێژووەکەیان و سروشتی تایبەتی خۆیان و دۆخی شارستانییەتەکەیان و هەموو بارودۆخی ئەمڕۆیان، ناچار بن بەم ڕێگایەدا بڕۆن کە دەڕۆن. با

ئەوانیش، زەحمەتکێشانی ئەڵمانی و ئەمریکی و ئینگلیز هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بدەن بەو پێیەی ئارەزووی دەکەن. بەڵام با ڕێگە بدەن زەحمەتکێشانی وڵاتانی دیکە بە هەمان وزە ڕێپێوان بکەن بۆ لەناوبردنی هەموو دەسەڵاتی سیاسی. ئازادیی بۆ هەمووان، و ڕێزێکی سروشتی بۆ ئەو ئازادییە؛ ئەوانە مەرجە جەوهەریەکانی هاوپشتیی نێونەتەوەیین.

پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی کە لە ساڵی 1869 لە لایەن لیبکنێخت و بیبێلەوە بە سەرپەرشتی مارکس دامەزرا، لە بەرنامەکەیدا ڕایگەیاند کە دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی مەرجی سەرەتایی ڕزگاری ئابووریی پرۆلیتاریایە و لە ئەنجامدا ئامانجی دەستبەجێی حزب دەبێت ڕێکخستنی وروژاندن و هاندانی یاسایی بەرفراوان بێت بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی گشتی و هەموو مافە سیاسییەکانی دیکە؛ ئامانجی کۆتایی، دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی پان- ئەڵمانی، کە پێی دەوترێت دەوڵەتی گەل.

لە نێوان ئەم مەیلە و مەیلی هاوپەیمانیی[11] کە هەموو کارێکی سیاسی ڕەتکردەوە، هیچ ئامانجێکی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ کە سەرکەوتنی کرێکاران بەسەر سەرمایەداریدایە نەبوو هەر ئاواش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت، کە هەمان جیاوازییە، هەمان کۆتایی کە لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا هەیە. هاوپەیمانیان بەرنامەی نێونەتەوەیی بە جددی وەردەگرن، بە بێزارییەوە هەموو سازشەکانی لەگەڵ سیاسەتی بۆرژوازیدا ڕەتکردۆتەوە، بە هەر جلوبەرگێکی

[11] ئەو بەرەیە بوو کە باکۆنین هاوڕێکانی تێیدا کۆبووبوونەوە لە بەرانبەر کۆمۆنیست و سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکاندا.

ڕادیکاڵ و سۆسیالیستییەوە ڕەنگە خۆی بپۆشێت، ئامۆژگاری پرۆلیتاریا دەکات وەك تاکە ڕێگەی ڕزگاری ڕاستەقینە، وەك تاکە سیاسەتێکی دروستی تەندروست بۆ ئەوان، ئەمە سیاسەتی نکوڵیکردنە لە ڕووخاندنی دامەزراوە سیاسییەکان و دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت بەگشتی، هەروەها دەوڵەتیش . ئەمەش بە زەروورە دەبێتە دەرئەنجامێکی پێویست بۆ ڕێکخستنی نێونەتەوەیی هێزە پەرشوبڵاوەکانی پرۆلیتاریا لە دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەوخۆدا دژی هەموو دەسەڵاتە دامەزراوەکانی بۆرژوازی.

سۆسیالدیموکراتەکانی ئەڵمانیا، تەواو بە پێچەوانەوە، ئامۆژگاری هەموو ئەو کرێکارانەیان کرد کە ئەوەندە بەدبەخت بوون کە گوێیان لێبگرن تاکو ئامانجی دەستبەجێی کۆمەڵەکەیان دەستنیشان بکەن، هاندانی یاسایی بۆ بەدەستهێنانی پێشوەختەی مافە سیاسییەکان؛ بەم شێوەیە بزووتنەوەی ڕزگاری ئابوورییان پێش هەموو شتێك بە تایبەتی ملکەچی دەسەڵاتی سیاسی بزووتنەوەکە کرد و بەکردنی هەموو ئەمەش ئاشکرایە تەواوی بەرنامەی نێونەتەوەییان پێچەوانە کردەوە، ئەمە کە وەکو هەوڵێك یا نەشتەرگەرییەك بوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوانی پرۆلیتاریا و بورژوازی. ئەمان لەوەش زیاتریان کردووە، پرۆلیتاریایان بە بۆرژوازییەوە بەستووەتەوە. بەڵگەش ئاشکرایە کە هەموو ئەم بزووتنەوە سیاسییەی کە لە لایەن سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیاوە خرانە ڕوو، بەو پێیەی دەبێ پێش شۆڕشی ئابووری بێت، تەنیا لە لایەن بۆرژوازییەوە ئاڕاستە دەکرێت، یاخود هێشتا لەوەش خراپتر دەبێت، بە گۆڕانی کرێکاران بۆ بورژوازی لەڕێگای تەماح و بێهودەیی خۆیانەوە، دەتوانرێت ئاراستە بکرێن. ئەمەش لە واقیعدا تێپەڕینە بەسەر سەری یاخود کڵاوکردنە سەری پرۆلیتاریایە وەك هەموو

ئەوانەی پێش خۆی. ئەم بزووتنەوەیە جارێکی تر شکست ناهێنێت لە مەحکومکردنی پرۆلیتاریا کە جگە لە ئامرازێکی بێکەڵك هیچی تر نەبێت کە بە ناچاری لە خەباتی لایەنە بۆرژوازییە جیاوازەکان لە نێوان خۆیاندا بۆ دەسەڵاتگرتنە دەست و قوربانییان پێدراوە لە لەخەباتدا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی، واتە بۆ دەسەڵات و مافی زاڵبوون بەسەر جەماوەر و چەوساندنەوەیان.
بۆ هەرکەسێك گومانی هەبێت، تەنها پێویستە ئەوە ببینن کە لە ئەڵمانیا چی ڕوودەدات، کە ئۆرگانەکانی سۆسیال دیموکراسی سروودی شادی دەڵێنەوە لە بینینی کۆنگرەیەك (لە ئایزناخ) لە پرۆفیسۆرەکانی ئابووری سیاسی بۆرژوازی بۆ پرۆلیتاریای ئەڵمانیا پێشنیار دەکەن بۆ بەرزڕاگرتن و پاراستنی باوکانەی دەوڵەتان و لەو بەشانەی سویسرا کە بەرنامەی مارکسی تێیدا سەرکەوتوو زاڵە، لە جنێف، زیوریخ، بازڵ، کە نێونەتەوەیی تا ئەو ڕادەیە دابەزیوە کە چیتر لە جۆرێك لە سندوقی هەڵبژاردن زیاتر نییە بۆ قازانجی بۆرژوازی ڕادیکاڵ . ئەم ڕاستیانەی کە جێی مشتومڕ نین، بەلای منەوە لە هەموو وشەیەك و قسەیەك خۆشترن .

ئەمانە حەقیقین و لۆژکین کە لە جەوهەردا کاریگەری سروشتی سەرکەوتنی پڕوپاگەندەی مارکسیین. هەر بەو هۆکارەیە کە ئێمە تا مردن شەڕ لەگەڵ تیۆرییە مارکسییەکان دەکەین، قەناعەتمان هەیە کە ئەگەر لە سەرانسەری نێونەتەوەییدا بتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بە دڵنیاییەوە ئەوان شکست ناهێنن لانیکەم لە کوشتنی ڕۆحەکەیدا لە هەموو شوێنێك، وەك ئەوەی پێشتر لە بەشێکی زۆر گەورەی ئەو وڵاتانەی کە ئێستا باسمان کرد.

خولیای غەریزی جەماوەر بۆ یەکسانی ئابووری ئەوەندە گەورەیە لە پێگەیشتنیدا ئەگەر بتوانن هیوایان بە ستەمکاران هەبێت، بێ گومان و بەبێ بیرکردنەوەیەکی قووڵ وەك پێشتر زۆرجار کردوویانە خۆیان ڕادەستی ستەمکاریی دەکەن. خۆشبەختانە ئەزموونی مێژوویی لەگەڵ جەماوەردا تەنانەت تا ڕادەیەك خزمەتێکی زۆری هەبووە. ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێکدا لەوە تێدەگەن کە هیچ ستەمکارێك نە ئارەزوو و نە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە یەکسانی ئابوورییان پێبدات و ناشتوانێت ئەوە بکات. بەرنامەی نێونەتەوەیی بەخۆشحاڵییەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەم پرسە. ڕزگارکردنی زەحمەتکێشان تەنها دەتوانێت کاری زەحمەتکێشان خۆیان بێت.

ئایا جێگەی سەرسوڕمان نییە کە مارکس پێیوابووە کە دەتوانرێت وزەیەك لە شێوەی پێوەکردنی ترش و خوێدا بکات بەم بەیاننامەوە کە ڕەنگە خۆی، سۆسیالیزمە زانستییەکەی، دارشتبێت؟ واتە ڕێکخستن و حکومڕانی کۆمەڵگەی نوێ لەلایەن زانا سۆسیالیستەکان و پرۆفیسۆرەکانەوە – خراپترین حکومەتی ستەمکارانەیە!

بەڵام سوپاس بۆ ئەم خۆشەویستە مەزنە "نەویسترا و بێ شۆرەتە" گەورەیەی خەڵکانی ئاسایی، کە دژایەتی خۆیان دەکەن، کە لەلایەن غەریزەیەکی نەدۆڕاو و هەروەها دادپەروەرەوە هاندراون، بۆ هەموو وەهمێکی حکومڕانی ئەم کەمینە بچووکەی چینی کرێکارەی کە هەر لە ئێستاوە بە شێوەیەکی دروست دیسپلین و کۆکراوەن بۆ ئەوەی ببنە دواکەوتە و فریوخۆرێکی ستەمکاری نوێ، سۆسیالیزمی زانستی مارکس، کە هەمیشە وەک خەونێکی مارکسی دەمێنێتەوە. ئەم ئەزموونە نوێیە کە ڕەنگە لە هەموو ئەزموونەکانی ڕابردوو

خەمناکتر بێت، کۆمەڵگە دەپارێزێت، چونکە پرۆلیتاریا بە گشـــتی و لە هەموو وڵاتاندا ئەمڕۆ بەهۆی بێ متمانەییەکی قووڵەوە بە ســـیاســـەت و بە هەموو ســـیاســـەتمەدارانی جیهان دەبزوێت، ئیدی ڕەنگی حیزبەکەیان هەرچۆن بێت، هەموویان بە یەکســـانی فریودەرن و ســـتەمیان کردووە، هەر لە کۆمارییە سوورەکانەوە هەر وەك ئەوەندەی ڕەهاترین پاشاییەکان.

Zaherbaher.com

# بەرهەمەکانی وەرگێڕ

- شارەوانی ئازاد
- پرسیار و وەڵامی چەندبارە لەبارەی ئەنارکیزم
- گوێڕادێرە ئەی مارکسیست
- پرۆدۆن، ئازادیخوازێکی ئەهریمەنکراو
- باکور و رۆژئاوای کوردستان- چەند بابەتێکی رامیاری
- ئەلف و بێی ئەنارکیزم
- ئەنارکیزم و رێکخستن
- مارکس و ئەنارشیزم
- داهاتوویەک کە بە هەموومان دروستی دەکەین
- مارکس و سۆسیالیزم و دەوڵەت
- مارکیسیزم؛ ئازادی و دەوڵەت

# Mikhail Bakunin

## MARXISM, FREEDOM AND THE STATE

ئەم کتێبە ڕوونکردنەوەی باکونینە سەبارەت بە جیاوازی نێوان خۆی و کارل مارکس کە لە کۆتاییەکانی 1860 و سەرەتای 1870دا ڕوویدا و بووە هۆی جیابوونەوەیان. باکۆنین وایدەبینی کە جیابونەوەیان لە تێڕوانینە جیاوازەکانەوەیە سەبارەت بە ئەرکی دەوڵەت لە بەرنامەی سۆسیالیستیدا.

بە دایبەتی باکۆنین پێیوابوو کە تێڕوانینەکەی مەیلی زۆری قبوڵکردنی چەمکی دەوڵەتی هەیە، ئەو دەوڵەتی وەک دامەزراوەیەکی مەترسیدار و نامرۆڤانە سەیر دەکرد، لەو بارەوە نووسیویەتی دەوڵەت "ئازادیەروەری و دڕندەیی بەسەر هەموو ڕەعیەتەکانیدا وەک ئەرکێکی باڵا دەسەپێنێت. یابەندیان دەکات و دەیانبەستێتەوە، دەیانشێلوێنێت، مرۆڤایەتی لەناخیاندا دەکوژێت، بەجۆرێک کە لە مرۆڤبوون دەریان دەکات کە چیتر هیچ نین جگە لە هاوڵاتییان"

باکونین لە وتارگەلێکدا کە تێیاندا بە وردی باس لە ناکۆکییەکانی خۆی و مارکس لە نێوانی ساڵانی 1870 -1872 پێش وەدەرنانی لە نێونەتەوەیی دەکات. وتارەکانی دیکەی سەبارەت بە ڕزگاریی و تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەوڵەت کە لە وتاری (فیدراڵیزم، سۆسیالیزم و دژە لاهووتگەرایی) وەرگیراون، لە ساڵی 1867 لام.کاف کەنیفیک، ( K.J. Kenafick ) کە ئوسترالییەکی سەرنوسەر و وەرگێر بووە، ئەم بەرهەمانەی لە ساڵی 1950دا کۆکردۆتەوە و کردوتی بە کتێبێک بەناوی (مارکسیزم، ئازادیی، دەوڵەت).

Translated by: Zaher baher